# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (158) بەرواری 15-12-2023 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## " شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"

## مەسەلە عەمەلی و ئەمنییەتییەکان لە ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرەکاندا


بەشی نۆهەم... ل10

## وتاری ژمارە

## هاوکاری ئەمریکا لەپشتیوانی ئیسرائیل بۆ جینۆسایدی فەلەستینیەکان، بەکوێ دەگات!!


عەبدوڵا مەحمود


هەشتی ئەم مانگە بۆ تاوتوێکردنی بڕیارنامەی وەستاندنی جەنگ لە غەززە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک کۆبووەوە.



کۆبونەوەکە دوای ئەوە هات کە ئەنتۆنیۆ گوتێرێز، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان یاسای ژمارە 99 ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی چالاککرد بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لەسەر جەنگەکە بکات. بەتایبەتی کە نەتەوە یەکگرتوەکان رایگەیاند نزیکەی 80%ی دانیشتووانی کەرتی غەززە ئاوارە بوون، ئاو، خۆراک، سووتەمەنی و دەرمانیان دەستناکەوێت و رووبەڕووی مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەبنەوە.

هەروەها کرستیان لیندمایەر، گوتەبێژی ڕێکخراوەکە گوتی:"خەڵکەکە دەستیکردووە بە لێکردنەوەی وایەری تەلەفۆن بۆ ئەوەی بیسوتێنن تاوەکو خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە یان ئەگەر شتێکیان هەبوو، خواردنی پێ لێبنێن." گوتیشی: "شارستانیەت خەریکە دەڕوخێت."

هەروەها ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنووریش ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی ئاساییش "لە کوشتارە بەردەوامەکە تێوە گلاوە" و پێویستە دەنگ بە "هەڵگرتنی گەمارۆ"ی سەر غەززە بدات.

کۆبونەوەکە بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامەکانی کۆبوەوە، بە پینج ئەندامە هەمیشەیەکەوە کە مافی ڤیتۆیان هەیە... لە ١٥ ئەندامی ئەنجومەنەکە ١٣ ئەندامیان دەنگیان دا بە راگرتنی جەنگ، بەڵام جاریکی تر ئەمریکا ڤیتۆی لەدژی بریارەکەداو بەریتانیاش وەکوسەگە دەستەمۆکەی ئەمریکا بێ لایەنی هەڵبژارد، بەم شێوەیە


بۆ لاپەڕە 2


## کاتی ئەوە هاتووە مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ نارەزایەتییەکەیان ببەنە باشماغ یان پەرویزخان؟



زیاتر لە دوو مانگە شەپۆلێکی تری بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، لە پێناو موچەو دابەشکردنی لەکاتی خۆی و بۆ دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و چارەنووسی موچە پاشەکەوتکراوەکان دەستی پێکردۆتەوە. بایکۆت و نارەزایەتی و کۆبونەوەو خۆپیشاندانی ئەمجارەی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ، لە درێژەی بزوتنەوەی بەردەوامیاندا بۆ


بۆ لاپەڕە 3


## دوای ٣٢ ساڵ کێشەی کارەبا مۆتەکەی سەر ژیانی دانیشتوانی هەرێم!



هەموو ساڵێک لەگەڵ دوبارە هاتنەوەی وەرزی زستان، دیسان مۆتەکەی سوتەمەنی و بیکارەبایی و لافاو، وەکو مۆتەکە رووودەکات خێزانە هەژار و کەم دەرامەتەکان، کە زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە پێک دەهێنن. ماوەی چەند رۆژێکە لەگەڵ هەڵکشانی پلەکانی سەرما، داکشانی سەعاتەکانی کارەبای بەدوای خۆیدا هێناوەو هاوڵاتیان لە شەو و رۆژێکدا تەنها چەند سەعات کارەبای سەرەکیان دەبێت و باقیەکەی تر کەڵک لە موەلیدەکان یان


بۆ لاپەڕە 3


## فیلمی ٨٨ جۆرێکە لە بازرگانیکردن بەهەڵەبجەوە لەرێگای سینەماوە...ل9




## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* قوربانیانی ئاگرەکەی سۆران، قوربانی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتێکی نابەرپرسن...ل3

* پەروباڵکردنی دیموکراسی لە سایەی گەندەڵی سەرمایەداریدا..........................ل4

* کوردستانی عێراق ژێری ڕەش و ئاسمانێکی دووکەڵاوی.........................................ل4

* ئازاد مەجید وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە.........................................................ل5

* ناکۆکییەکانی نێوان ئیسلامی سیاسی و سەلەفی لەسەر غەززەو فەلەستین...ل6

* چەردەیەك لە بارەی فێمینیزم و جۆرەکانی............................................................ل7

* جەنگەکان درێژەپێدەری سیاسەتی چەوسانەوەی ئابووری چینایەتین..............ل11

* خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن.........................................................................................ل12



پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

# درێژەی وتەی ژمارە

هەوڵی ریکخراوەکە بۆ راگرتنی جەنگ شکستی خوارد.

جەنگ و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل بە درندەییەکی بێ وێنەوە درێژەی هەیە و دەستپارێزی لەهیچ شتیک ناکات، دیارە پشتیوانی غەرب بەشێوەی گشتی دەوڵەتی ئەمریکا بەتایبەتی چ لەوەرێخستنی جەنگ و چ لە دریژەکیشانیدا، هۆکارێکی سەرەکی ملهوری نواندنی بێ هەوساری دەوڵەتی ئیسرائیلە.

ڤیتۆی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایش تازە نییەو بێدەنگە کردنیشی لە ژێر پێنانی دەیان و سەدان بریاری نەتەوەیەکگرتوەکان لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، نوێ نییە و هەر ئەوەشە وای کردووە دەوڵەتی ئیسرائیل بێ سڵەمینەوە ببڕ و بکوژ بێت و جینۆساید بخوڵقێنێ، دیارە ئەمریکا لەو کۆمەڵکوژییە ئاشکرایەدا بەشدارە، کە تەنانەت دۆستە هەمیشەیەکانی ناچارن دانی پێدا بنێن. هەروەها ئەو پشتیوانیەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئیسرائیل بەتایبەتی کە بڕیار بوو بەزووی جەنگی غەززە کۆتایی پێبهێنێت، بەجێگایەک نەگەیشتووەو هیشتا ئایندەی ئەم هێرش و ملهورییە نادیارە و پێش وەختە تەنانەت ئەگەر ئیسرائیل غەززەش بگرێت شکستخواردووە، بەتایبەتی کە جارێکی تر پرسی چارەسەری کێشەی فەلەستن، لە پەراوێز بوونەوە بۆتەوە بە پرسی رۆژ لەسەر ئاستی دینای فەرمی و جەماوەرییدا. هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا ئەو پشتیوانیەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئیسرائیل ئەو راستییە دەخاتە ڕوو کە ئەمریکا نەک بەشێک لە کەمکردنەوەی نائارامی رۆژهەلاتی ناوەراست و لایەنێک بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین نییە، بەڵکو خۆی کۆسپێکی بەکردەوەی بەردەم چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئارام بوونەوەی ناوچەکەیە.

ئەوە کە ئەمریکا ئاوا بێ شەرمانە بەرگری لە دەوڵەتی ئیسرائیل و داگیرکارییەکەی دەکات، واوەتر لەوەیە کە جەنگی ئیسرائیل لەدژی فەلەستینیەکان بەرەوا دەزانێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رەوتە روو لەلێژییەی لە ئاستی دنیادا توشی هاتووەو لە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا، شکست خواردوو بووە. هاوکات لاواز بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاتنە خوارەوی پێگە سەربازی و هەیمەنەکەی لەناوچەکەدا و سەر بەزرکردنەوەو بەهێز بوونی وڵاتانی عەرەبی و رۆڵیان وەکو کاراکتەری نوێ و سەربەخۆ، هۆکارێکی ترە کە ئەمریکای رووبەڕوو لەگەڵ دۆخێکی نەخوازراو کردۆتەوە. جیا لەهەموو ئەمانە سەرهەڵدانی قوتبی روسی-چینی، قوتبی یەکێتی ئەوروپا، بە یەکجاری کۆتایی بەخەونی ئەمریکا وەکو هێزی خاوەن هەژموونی دنیا تاک لایەنە، بۆ دەورەیەکی نادیاری درێژ هێنا و هێشتاش رەوەندی پاشەکشی بەسەر سەری دەوڵەتی ئەمریکاوە، راستیەکی حاشاهەڵنەگرە. چیتر دنیا نەک بە ئاقاری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا هەنگاو نانێت، بەڵکو ئەم رەوەندە پێچەوانە بۆتەوە و دەستی پێکردووە.

**وەستانەوەی چەند بارەی ئەمریکا بەرووی بریاری راگرتنی جەنگ بەهۆی ئەو تراژیدیا ئینسانی و ئەمنیەی رووبەرووی خەڵکی غەززە و ئینسانیەتی ئەم سەردەمە بۆتەوە، مۆری پشتیوانی لە جەنگ و کۆکوژی و هاوکات رێگرییە لە هەنگاوەکانی ئاشتی و گێرانەوەی لانی کەمی ئارامی بۆ ناوچەکەو رووبەرووبونەوەیەکی ئاشکراشە لەگەڵ بزوتنەوەی دژە داگیرکاری ئیسرائیل کە لەسەراسەری دنیادا قوڵپ دەدات...**

وەستانەوەی چەند بارەی ئەمریکا بەرووی بریاری راگرتنی جەنگ بەهۆی ئەو تراژیدیا ئینسانی و ئەمنیەی رووبەرووی خەڵکی غەززە ئینسانیەتی ئەم سەردەمە بۆتەوە، مۆری پشتیوانی لە جەنگ و کۆکوژی و هاوکات ریگرییە لە هەنگاوەکانی ئاشتی و گێرانەوەی لانی کەمی ئارامی بۆ ناوچەکەو رووبەرووبونەوەیەکی ئاشکراشە لەگەڵ بزوتنەوەی دژە داگیرکاری ئیسرائیل کە لەسەراسەری دنیادا قوڵپ دەدات. لە کاتێکدا بەسەدان و هەزاران ریکخراوەو نەقابە و سەندیکای کرێکاریی و خاوەن سەدان ملیۆنی ئەندامی و لەپاڵ ملیۆنان ئینسانی تیکۆشەر لە پێناو راگرتنی جەنگ و داگیرکاری و بۆ ئارامی لە مەیداندان، کە خۆی هێزێکی گەورەتر لەسەرجەم قوتبەکانی دنیای ئێستایە، ئەمریکا و سیاسەتەکانی بەشکست دەکێشێت و وەکو هەمیشە لە مەیدانی رای گشتیشدا دوبارە ئەمریکا و غەرب دۆڕاوی جەنگن، لەبەرامبەر بزوتنەوەی ملیۆنی ئینسانیدا.

ئەمریکا لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشدا ئەگەر مافی ڤیتۆکەی لێوەربگیرێتەوە، و تەنها بەدەنگی زۆرینەو کەمینە کیشەکان یەکلایی بکرێنەوە، دەوڵەتی ئەمریکا، دەبێتە قوربانی و دۆڕاوی یەکەمی ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی.

**ئەوەی کە دەتوانێت ئەمریکا لە پشت بەستن بەکارهێنانی لۆژیکی هێز و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل دووربخاتەوە، تەنها ناچارکردنیەتی بە شکست و دۆڕان. هەروەکو لە ٨٠ ساڵی رابردوودا ئەمریکا لە هیچ جێگایەکی ئەم گۆی زەوییە نەیتوانیووە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە ڤێتنام وڵاتانی ئەمریکای لاتینەوە تا دەگاتە سۆماڵ و عێراق و سوریاو ئەفغانستان...**

رەوتی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانی ئەمریکا و غەرب لەو داگیرکارییە و بەتایبەتیش هاوکاری بەردەوامی ئەمریکا لەو جینۆسایدە ئاشکرایەی لە غەززە بەرێوەدەچێت... دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی ناوخۆی ئەمریکاش بەرەوە روودەکاتەوە. سەرباری هەموو ئەمانە دەوڵەتی ئەمریکا، بەردەوامە لە پشتیوانی ئیسرائیل و داگیرکارییەکی ئیدانەکراو و نەفرەتلێکراو لە ئاستی دنیادا. هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم مامەڵەی ئەمریکا ئەوەیە کە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هیچ پێگەیەکی جیگیری نییە و هات و هاواری رۆژهەلاتی ناوەراستی تازە و گەورە کە بەبانگەشەی دیموکراسی و گیرانەوەی ئارامی لەچوارچێوەی هەوڵ بۆ جێخستنی نەزمی نوێی دنیا و نەزمی نوێی ناو نەزمی نوێ، شەیپۆری بۆ لێدرا نەیتوانی بەجێگایەک بگات. تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا پەیوەندی لەگەڵیان هەیە، پەیوەندیەکی ناسەقامگیر و شلۆقە، تاکە دەوڵەتێک کە دەتوانی پەیوەندیەکی جێگیر و دریژ مەودای لەگەڵی هەبێت و هەیە، دەوڵەتی ئیسرائیلە، بۆیە ئەمریکا ناچارە ئیسرائیل وەکو تاکە دەوڵەتی جێگا متمانە لەناوچەکەدا، وەکو چاوی بەرژەوەندخوازییەکانی بپارێزێت و بەرگری لێبکات و چاوپۆشی لە درندەیەکەشی بکات.

ئەوەی کە دەتوانێت ئەمریکا لە پشت بەکارهێنانی لۆژیکی هێز و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل دوربخاتەوە، تەنها ناچارکردنیەتی بە شکست و دۆڕان. هەروەکو لە ٨٠ ساڵی رابردوودا ئەمریکا لە هیچ جێگایەکی ئەم گۆی زەوییە نەیتوانیووە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە ڤێتنام ولاتانی ئەمریکای لاتینەوە تا دەگاتە سۆماڵ... تەنانەت ئەگەر توانیبێتی رژێمێک بروخێنی، بەڵام دوبارە بە ناکامی هاتۆتە دەرەوە. دواین شکستەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوریا و ئەفغانستان و دەم داچەقینە لەبەرامبەر بە پیگەی ئیران لە ناوچەکەدا.

بزوتنەوەی دژە داگیرکاری و جەنگ لە ئاستی دنیادا، بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی هێندە گەورەیە کە نە فریوی بانگەشەکانی ئەمریکا و غەرب دەخوات و نە تواناى ئەوەی هەیە جڵەوی بکات. دنیای فەرمیش لەچاو ئەو بزوتنەوەیەدا هێندە چکۆڵەو بێ کاریگەرە، کە ناتوانێت بەر بەو رەوتە لەشکست لە داسەپاندنی هەژمونی تاک لایەنە بەسەر دنیادا بگرێت. ئەوەی ئێستا ئەمریکا دەیکات، بەرگرییەکی سلبییە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەرییەکانی شکست و ناکامیەکانی لە ئاستی دنیادا. ئەم پشتیوانیە بەردەوامەی لە ئیسرائیل و درندەییەکەی دەیکات، سەرئەنجام باجەکەی قورستر لە شکستی لە عێراق و سوریا و ئەفغانستان دەبێت...

**ناوەراستی دیسەمبەری ٢٠٢٣**

**هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم مامەڵەی ئەمریکا ئەوەیە کە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هیچ پێگەیەکی جیگیری نییە و هات و هاواری رۆژهەلاتی ناوەراستی تازە و گەورە کە بەبانگەشەی دیموکراسی و گیرانەوەی ئارامی لەچوارچێوەی هەوڵ بۆ جێخستنی نەزمی نوێی دنیا و نەزمی نوێی ناو نەزمی نوێ، شەیپۆری بۆ لێدرا نەیتوانی بەجێگایەك بگات. تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا پەیوەندی لەگەڵیان هەیە، پەیوەندیەکی ناسەقامگیر و شلۆقە، تاکە دەوڵەتێك کە دەتوانی پەیوەندیەکی جێگیر و درێژ مەودای لەگەڵی هەبێت و هەیە، دەوڵەتی ئیسرائیلە، بۆیە ئەمریکا ناچارە ئیسرائیل وەکو تاکە دەوڵەتی جێگا متمانە لەناوچەکەدا، وەکو چاوی بەرژەوەندخوازییەکانی بپارێزێت و بەرگری لێبکات و چاوپۆشی لە درندەیەکەشی بکات...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی: کاتی ئەوە هاتووە مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ نارەزایەتییەکەیان ببەنە باشماغ یان پەروێز خان؟

مافە زۆر سادە و رەواکانیان، پێشرەوی زۆری کردووە. دەست لەناو دەست نانی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، بەردەوامی نارەزایەتییەکان و زیاتر بوونی بەشدابوانی، فراوان بوونەوەی بۆ زۆرێک لە شارو شارۆچکەکان، رەوینەوەی خۆشباوەری بە دەسەڵات و بانگەشەکانیان، پیکهێنانی ئەنجومەنی سەرپەرشتی نارەزایەتییەکان، پێشرەوی کردن لە بایکۆتەوە بۆ کۆبونەوەو خۆپیشاندان، تا رادەیەک راکێشانی پشتیوانی زیاتری کەس و کاری خوێندکاران بۆ خواستەکانیان، زۆر بوونی پشتیوانی کۆمەڵگە بۆ داواکارییەکانیان، سوربوون لەسەر سەرکەوتن. ئەمانە دەستکەوت گەلێکی ئیکجار گرنگن، کە توانایی و بڕوابەخۆبوونی مامۆستایانی زیاتر کردووە. ئەوەی تا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی گوێ لەخواستی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ ناگرێت و خۆی لە وەڵامدانەوەیان دەدزێتەوە، نیشانەی بن بەست و لاوازبوونی دەسەڵات و هاوکات گرنگی نەدانە بە پرسی خوێندن و پەروەردە. جیا لەوانە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ئەگەر خۆپیشاندان و مانگرتنێک زیان و گورز نەوەشێنێتە سەر داهات و کەڵکەکەی سەرمایەو دەستی دزی و تاڵانیان کورت نەکاتەوە، گرنگی پێنادەن و فەرامۆشی دەکەن. مانگرتن و خۆپیشاندانی مامۆستایان، رێگەی کەڵەکەی سەرمایە، سەرچاوەکانی دزی و تاڵانی دەسەڵات راستەوخۆ ناکاتە نیشانە بۆیە بە سانایی گوێی پێنادەن، ئەگەر ئەم بایکۆت و مانگرتن و خۆپیشاندان و کار راگرتنە، لە کارگەیەک، یان کیڵگەیەکی نەوتی، یان دەرەوازیەکی سنوری.... نەک بۆچەند مانگ، بەڵکو تەنها یەک هەفتە روویدات دەسەڵات ناچار دەبێت، خێرا بیتە سەر خەت و وەڵام بداتەوە. دەسەڵات تەنها بە زمانی پارە و داهات و دزی و تاڵانی ئاشنایە و ئەو چاوچنۆکییە، بەرچاوی گرتووە لەوەی تێبگات، کە دواکەوتنی خوێندن و راگرتنی پرۆسەی خوێندن، چ کارەساتیکی بەدواوەیە و چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر خوێندن و پەروەردە. دەسەڵات لە سەرمایەی مەعنەوی و گرنگی ئاییندەی خوێندن پەروەردە حاڵی نییە، ئەمەش ناوەرۆکی دژە ئینسانی دەسەڵات دەخاتە ڕوو. تەنانەت گواستنەوەی خۆپیشاندان بۆ بەردەم دەسەڵاتی بەغدا، موی دەسەڵات ناجوڵێنیت... لە کاتیکدا بردنی خۆپیشاندان بۆ بەغدا، ئاماژەیەکی رۆشنە بۆ نیشاندانی نابەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی هەرێم و خستنەرووی ناوەرۆکی دەسەڵات بە رای جەماوەری لە ئاستی عێراقدا. جیا لەوانە ئەگەر دەسەڵاتی بەغدا مل بدات بە خواستی دانی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، هیندەی تر دەسەڵاتی سیاسی کورت دەکاتەوەو بی کارەی دەکات... ئاخر دەسەڵاتیک پرسی ئابوری و دەروازە سنورییەکانیان و ئەمنی و موچەو پەیوەندییە فەرمیەکان و خزمەتگوزارییەکانی لەدەست دەربێت، چی بۆ دەمێنێتەوە جگە لەوەی رۆڵی هیزیکی کرێگرتە بۆ ئیدارەدانی هەرێم بگێرن بێ ئەوەی دەسەڵات و بریاریان بەدەست بێت، واتە تەنها دەبنە جێ بەجێکاری راسپاردەکانی بەغدا.

مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ و بە بەدەستەوەگرتنی هەر رۆژەی داهینان و گرتنەبەری رێگای تر، نیشانەی چوونە سەری ئامادەیی و بریاری بەردەوامی دانیانە بۆ سەرکەوتن و ناچارکردنی دەسەڵاتە بۆ ملدانی بەخواستەکانیان... بەڵام هێشتا پێویستە رابەران و هەلسوڕاوان و ئەنجومەنی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان، رێگای تر و شێوازی تر بگرنە بەر، لە پێش هەموویانەوە ریکخراوبوون و پێکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی مامۆستایان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و راکیشانی پشتیوانی زۆرتری کەس و کاری خوێندکاران، بەدەست هێنانی پشتیوانی کۆمەڵگە... گواستنەوەی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان بۆ ئەو جێگایانەی شادەماری ئابوری و داهاتی دەسەڵاتە، بۆ نموونە چۆن خۆپیشاندان دەبنە بەغدا، با بەخۆپیشاندان ریگای تانکەرە نەوتەکان بگیرێت، خاڵە سنور و گومرگیەکان، ببەستن... تاد، ئەوە دەتوانێت دەسەڵات بێدار بکاتەوە و ناچاری بکات، بیتە سەر خەت و وەڵام بداتەوە.

# درێژەی: دوای ٣٢ ساڵ کێشەی کارەبا مۆتەکەی سەر ژیانی دانیشتوانی هەرێم!

بە بێ کارەبایی دەمێننەوە. ئەم حاڵەتە لە بێکارەبایی شتێکی تازە نییە و لە ژیر سایەی زیاتر لە سێ دەهەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی زستان یان لەگەڵ زۆر بوونی خواستی کارەبا لە هاویناندا، دوبارە بیکارەبایی دەبیتە سەرباری دەیان کویرەوەری تر، کە یەخەگیری چینی کریکار و جەماوەری بیبەشی کوردستانە... ئەوە لە کاتێکدایە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا بە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەری پرسی کارەبا، بریاری لێدراوەو لەم ٣٠ ساڵەدا بەدەیان هەزار جار بەرپرسانی دەستڕۆشتوی دەسەڵات بەڵێنی چارەسەری کیشەی کارەبایان داوە، بەڵام هیشتا بی چارەسەر ماوەتەوە.

دابین کردنی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و موچە و لانی کەمی خزمەتگوزارییەکان، سەرەتاییترین ویستی هاوڵاتیان و سادەترین داخوازیشن کە هەر دەسەڵاتێک بایی سەرە دەرزیەک بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت، دەبێ و دەتوانێت فەراهەمیان بکات. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم چونکە دەسەلاتێکی بەرپرسیار نییە و بایی سەرە دەرزییەک بەرپرسیاریەتی هەڵناگرێت، ئەوەی بۆی گرنگ نییە زامنکردنی ئەو خواستە سادەو سەرەکی و گرنگانەیە و لەوەش زیاتر دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی چەتەیە... لە کاتێکدا رۆژانە باج و سەرانە لەسەر خەڵک و هاوڵاتیانی کاسب زیاتر و زیاتر دەکات، کەچی خۆی لەهەموو بەرپرسیاریەتیەک دەدزێتەوە.


ئەم دۆخە لە بێکارەبایی و بێ موچەیی و بێ خزمەتگوزاری، ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە داهات نییە و دەسەڵاتی هەرێم توانای نییە، بەڵکو ریشەی لەو نابەرابەرییە قوڵە چینایەتیەدایە کە واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستانە... لە کاتێکدا چینی کریکار و هاوڵاتیانی کەم دەرامەت لە کارەبای پیویست بەهرەمەند نین، موچەو خزمەتگوازرییان نییە، کە سەرانی حزبی و حکومی و کەمایەتیەکی سەرمایەداری مشەخۆر و وابەستە بەدەسەڵات، ماڵ و شوێنی ژیان و کاریان چراخان و خەمی نان و موچە و خزمەتگوزارییەکانیان نەک نییە، بەڵکو لە ژیانێکی لێوان لێو بەهەشت!! ئاسادان و لە دنیایەکی تردا دەژین.

لەم سەردەمەدا کە کارەبا، کۆڵەکەیەکی سەرەکی ژیانە... بێبەشکردنی هاولاتیان لیی، بێبەشکردنی دانیشتوانە لە کۆڵەکەیەکی گرنگی ژیان. بۆیە پرسی کارەبا هاوکات مەیدانێکی بەرامبەرکیی نیوان دەسەلات و جەماوەری بێبەشی کوردستانە... ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بەخۆدزینەوە لەدابینکردنی سەرەتاییترین خواست و پیداویستی هاوڵاتیان لەوانەش دابینکردنی کارەبا، هیندەی تر ریسوایی خۆی دەخاتە ڕوو، ئەوا پیویستە خەڵکی کوردستان خواستی کارەبا وەکو گۆشەیەک لە دەعوانامەیەی راماڵینی ئەم دەسەلاتە بەدەستەوە بگرن. دەسەڵاتێک نەتوانێت موچەو خزمەتگوزاری و لەوانە کارەبای پیویست بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات، تەنها بۆئەوە باشە رابماڵرێت و بە میژووی پر تاوانکارانەی خۆی بسپێردرێت و ریگەی دوبارە بوونەوەی لە میژوودا لی بگیرێت.

# قوربانیانی ئاگرەکەی سۆران، قوربانی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتێکی نابەرپرسن...

شەوی هەشت لەسەر نۆ ئەم مانگە، لە ئاکامی ئاگرکەوتنەوە لەیەکێک لە باڵەخانەکانی ئیدارەی سۆران، ١٤ کەس گیانیان لەدەستدا و چەند کەسێکیش بریندار بوو. دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە روداوی ئاگر کەوتنەوە یان غاز تەقین بەم شێوەیە گیانی ئینسان دەکێشێت، بەڵکو قوربانیانی ئەم روداوانە لەپاڵ قوربانیانی ڕیگاو بان، کوشتارێکی بێ پسانەوەیەو ساڵانە گیانی سەدان ئینسان دەکێشێت.

دیارە ئاگر کەوتنەوە لەهەموو جێگایەکی دنیا دەشێت روربدات و روودەدات، بەڵام لەهیچ جێگایەکی دنیا بەم




شێوە قوربانی بەدوای خۆیدا ناهێنێت. ئەوەی کە هۆکاری ئەم دۆخەیە ئەوەیە کە کۆمپانیاکانی دروستکردنی بیناو خانوبەرەوەو شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی هاوڵاتیان، لەلایەن چاوچنۆکانی قازانج پەرستی سەرمایە بەجۆرێکە، بۆ ئەوەی زۆترین سود بخەنە گیرفانی پڕ نەبوویان، سیستەمی بەرگری پێویست، خۆ پاریزی، رێگای دەرباز بوون و سەلامەتی پێویستیان تیا رەچاو ناکرێت، هەر بۆیە لەهەر رووداوێکدا چەندین کەس دەبنە قوربانی. بەرپرسیاری سەرەکیش بەجیا لە کۆمپانیا چاوچنۆکەکان، دەسەڵاتی سیاسییە، کەنەک چاودیری پێویستی شێوازی دروستکردنی بیناو شوێنەکانی نیشتەجی بوون رێکاری پارێزگای و سەلامەتی ناکات، بەڵکو بەهۆی ئەوەی دەسەڵات چاوچنۆکتر لە کۆمپانیاکان و هاوکات بەشی هەرەزۆریان نزیک لە دەسەڵات و بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانی حزبن، چاوپۆشی لە کەم و کوڕی سیستەمی بیناسازی دەکەن و بەم شێوەیە گیانی هاوڵاتیان دەخەنە مەترسیەوە... ئەوەی لە سۆران ئەمجارەش روویدا دیسان دەسەڵات بەرپرسی سەرەکیەو بە ناردنی پەیامی سەرەخۆشی و لیژنەی لێکۆڵینەوە دروستکردن ناتوانن شانی خۆیان لەو تراژیدیا ئینسانییە خاڵی بکەنەوە. بۆیە پێویستە تاوانبارانی سەرەکی ئەم تراژیدیاییە توشی لێپێچینەوەی دەستبەجێ بکرینەوە و دەسەڵاتی سیاسی ناچار بکرێت، ژیان و ئارامی سەلامەتی بیناو خیزانەکان، زامن بکات.



# پەروباڵکردنی دیموکراسی لە سایەی گەندەڵی سەرمایەداریدا

**عامر سابیر**

ڕەشیدە تلەیب تاکە کەسە لە کۆنگریسی ئەمریکادا کە بەڕەچەڵەک فەلەستینی بێت. ڕیشیدە نوێنەری دیموکراتەکانە بۆ ویلایەتی (میشیگن)ە. ڕێکخراوی (کۆمیتەی کاروباری گشتی ئیسرائیل ئەمریکی) کە ناسراوە بە (ئەیپاک)1 کە گروپێکی لۆبیکردنە کە داکۆکی لە سیاسەتەکانی لایەنگری ئیسرائیل دەکات، بەڵێنی 20 ملیۆن دۆلاری داوە بە هەریەک لە (هیڵ هارپەر و ناسر بەیدون) کە دوو کاندیدی حیزبی دیموکراتن لە میشیگن بۆ سەنێت (ئەنجومەنی پیران) کە ئەگەر واز لە کاندیدێتی بۆ سەنێت بهێنن و بچن لە هەڵبژاردنی 2024 دا بۆ کۆنگریس لە بەرانبەر ڕەشیدە تلەیب خۆیان کاندید بکەن ئەوا سەرەڕای ئەم 20 ملیۆن دۆلارە بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی کەمپەینەکەشیان ئەکەن. هەر یەک لەو دوو کاندیدە ئەم بەرتیلەیان ڕەتکردەوە و بە میدیاکانیان ڕاگەیاند کە کاری وا ناکەن.

ئەم خانمە (ڕیشیدە تلەیب) هەرچەندە لە کۆنگریسدا لە قسەکانیدا وتبووی کە من دژی کوشتنی هەر منالێکم جا ئیسرائیلی بێت یان فەلەستینی، بەڵام لەبەر ئەوەی داوای ئاگربەست و کۆتایهێنان بە کوشتنی منالاّن و خەڵکی سیڤیلی کرددوە، بۆیە بە پشتیوانیکردن لە حەماس تاوانباریان کردووە و لە کۆنگریسی ئەمریکا دەنگدانیان کرد بۆ سەرزەنشتکردنی و بە234 دەنگ لە بەرانبەر 188 دەنگدا تاوانباریان کرد. ئەوانەی دەنگیان لەدژ دا 212 یان کۆمارییەکان و 22 یان دیموکراتەکان بوون. وە ئەوانەی دەنگیان بە سەرزەنشتکردنی نەدا 184 دیموکراتەکان و 4 کۆمارییەکان بوون.

بەشێک لە قسەکانی ڕەشیدە لە کۆنگریسدا ئەمە بوو "داوا لە هاوکارەکانم دەکەم کە لەگەڵ زۆرینەی ئەمریکییەکان بەشداری بکەن و لە ئێستاوە پشتگیری ئاگربەست بکەن بۆ ئەوەی زۆرترین ژیانی خەڵک ڕزگار بکەن. سەرۆک بایدن دەبێت گوێ لە هەمووومان بگرێت و نوێنەرایەتی هەموومان بکات، نەک تەنها هەندێکمان. داوا لە سەرۆک کۆمار دەکەم جورئەتی هەبێت و داوای ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە کوشتارەکان بکات".

وە لە خۆپیشاندانی ڕۆژی شەمە 18/11/2023 لە واشنتۆن، کە بە دەیان هەزار کەس نارەزایەتیان لە دژی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەربڕی و داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕیان ئەکرد، کە تیادا چەندین گرووپی جیاجیای جووەکان بەشداربوون و ڕەشیدەش یەکێک لە قسەکەرەکان بوو، وە ئەمەی بە تۆمەت بۆ حیساب کرا و لە گۆنگریسدا دەنگیان لە دژ دا.

گومانی تیادا نییە کە دیموکراسی لە سایەی سەرمایەداری و نیولیبرالیزمەکەیدا، چوارچێوە و تەوقێکە لە گەردنی ئازادی و بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانە. سەیری ئەو دیموکراسییە بکەن کە خۆیانی پێوە بادەدەن و بەردەوام بەشانوباڵیدا هەڵئەدەن، چۆن ڕیسواکراوە و گەندەڵی دایرزاندووە و هەر لە ڕێگەی قانوونەکانیانەوە بە یاسایی نارازییەکان سەرکوت ئەکەن و سپی ئەکەن بەڕەش و ڕیشیش بە سپی.

1

American Israel Public Affairs Committee (AIPAC)

تێبینی:

لە 7/10/2023 دا ڕێکخراوی حەماس هێرشێکی تیرۆریستانەی کردە سەر ئیسرائیل و لە ئەنجامدا 1200 کەسی کوشت کە نزیک بە نیوەی کەسانی سیڤیل بوون، وە نزیک بە 240 کەسیشتان وەک بارمتە ڕفاند و بردیانن. لە بەرانبەردا حکومەتی ئیسرائیل لەوکاتەوە هێرشێکی دڕندانە و وێرانکەرانەی کردۆتە سەر غەززە و ناوچەکانی تری فەلەستین و تا ئێستا زیاتر لە 18 هەزار فەلەستینی کوژراوە کە بەشی هەرە زۆری کەسانی سیڤیلن و نزیک بە نیوەشی منالاّنن و غەززەش بەتەوای کاولکراوە و خەڵکەشی ئاوارەکراوە و ئاو و کارەبا و خۆراک و هەموو خزمەتگوزارییەکانی لێ بڕاوە و سزای بەکۆمەڵیان بەسەردا سەپێندراوە .

**12/12/2023**



# کوردستانی عێراق ژێری ڕەش و ئاسمانێکی دووکەڵاوی.

**نووسینی: چیا ئەسعەد**

**کوردستانی عێراق**

کە پڕە لە ئاڵنکارو تەنگـــ و ئاستەنگە ئابوری و ئەمنیەکان شاهیدی زیادبوونی سانسۆرو سەرکوتکردنی ئازادیەکانی مرۆڤە لەو هەرێمە دا.

**ڕووبەری ئازادی...**

چەمکی ژیان بەبەختەوەری هاولاتیان لە ناوسیستەمێکی یەکسانی لەسەرچاوە سروشتی و ئابوریەکان. سەرهەڵدانی کۆمەڵگەیەکی فراوانی زانست پەروەر و بوونی ڕووبەری فراوانی ئازادییەکان، سەربەخۆیی دام و دەزگا گشتی بە شێوەیەکی یەکسان و بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی حیزبی، وە چەندین یەکەی پێوانەی دیکەش کە دەکرێت فەرمانڕەوایەکی دیموکراسی لێ دروست بکرێت، ئەم حوکمڕانییە ئێستای هەرێمی کوردستان، نەک تەنها ئەمانە، بەڵکو سادەترین مافەکانی ژیان و هاولاتی دابین نەکردووە، بەڵکو لە دۆخێکی کارەساتاویدا هاولاتییەکانی ژیان دەکەن.

**دووکەڵ..**

هەناردەی نەوتی عێراق لە مانگەکانی ڕابردوودا بۆ ٣ ملیۆن و ٥٣٣ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبۆتەوە کە بەرزترین ئاستە لەم ساڵدا، بەڵام لەڕاپۆرتێکی ئەم دواییەدا دەریخستووە کەئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بەرێژە ی ١٨٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیادی کردووە، ئەوەش لەسەروی ئاستی ئۆپێکە کە دانراوە.

ئەم زیاد بوونەش تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی چاودێریکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان کە بەشێکی لە ناوخۆ بەکاردەهێنرێ و بەشێکی بە قاچاغ دەگوێزرێتەوە بۆ تورکیاو ئێران.

هێشتا وەرزی پایز بۆ خوێندکارانی قوتابخانە حوکمیەکان لە پارێزگای سلێمانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەستی پێنەکردوە، بەهۆی تێکچونی کارکردنی دارایی سیاسیەوە.

نزیکەی ملیۆنێک خوێنکار زیاتر لە ٥٨ هەزار مامۆستا لەپارێزگاری سلێمانی زیاتر لە دوومانگە لە خوێندن دابڕاوون.

بەپێی وتەی (ئەحمەد سابیر سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان. نا سەقامگیری ئابووری و ناکۆکی لایەنەکان و پارتەکان و ناو حوکمەت دۆخێکی دۆزەخ ئاسای درووست کردووە، بە جۆرێک کە درێژترین داخستی قوتابخانە حوکمەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ بەپێی وتەی سابیر ئەمجارە مانگرتن درێژترەو نازانرێ کەی کۆتای دێت.

بەراوردکارییەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێ لەگەڵ ئاستی بەرزبوونەوەو هەناردەی نەوت و بۆ بەرزترین ڕێژەوە سەرەڕای ئەمانەش نەدانی مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و پەککەوتنی کەرتی پەروەردەو زۆرێک لە بەشەکانی خزمەتگوزاری بە جۆرێک کە نەوتەکە تەنها دووکەڵەکەی بۆ خەڵکەکەیە لە پاڵاوگە نەوتیەکانەوە دەردەچێت

**درۆن...**

سەرەتای ئەم مانگە (هایان عەبدولغەنی)، وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند حوکمەتی عێراق لەگەڵ هەرێم و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بگاتە ڕێکەوتن بۆ دەستپێکردنەوەی وەو بەرهەمهێنانی و هەناردەکردنی نەوت بۆ تورکیا، ئەمە لە کاتێکدایە درۆنی تورکیا ئاسمانی هەرێمی کوردستانی تەنیوە بە هیرشەکانیان بۆ سەر هاووڵاتیانی مەدەنی و ژن و منداڵ و پیرو و بە جۆرێک لە چەنگێکی دوو دەوڵەت کەتەنها یەکێکان بەبەردەوامی هێرش بکات و ئەوی تریان لەڕێگای هەناردەکردنی نەوت بەهێز تری بکات وڵاتێک و حوکمەتێک و دەسەڵاتێک خۆی بەرپرسیاری هاووڵاتیانی خۆی نەزانێت وە لە سەرچاوە سروشتیەکانی وڵاتەکەیدا تەنها دوکەڵەکەی ژەهرەکەی بەر هاووڵاتیان دەکەوێت.

لە کاتێکدا سەرکردەکان لە شەڕی خۆدەوڵەمەند کردندان.

ئەگەر ئێستا لە هەرێمی کووردستانی- عێراق حیزبێکی سیاسی نوێ سەرهەڵ بدات، ئەوا کورسی پەرلەمان زیاتر لە هەریەکە لە دوو لایەنە گەورەکەی ئێستای بەردەکەوێت، لە کاتێکدا چارەکی دەنگ دەران بەهیچ شێوەیەک دەنگیان نەدەدا.

ئەم ئەنجامی ڕاپرسیەکی ئەم دواییە، بە لەبەرچاووگرتنی ئەو متمانەی لە کۆنترێن پارتە کوردییەکانی پارتی دیموکرات و یەکێتی جێگای سەرسووڕمان نییە، بەڵام لە ڕابردوودا سەرهەڵدانی حیزبە نوێیەکان دەریخست کە ئەوانیش ئەو کارە ناکەن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت. واتە گرنگدانیان بە هاووڵاتیان بۆیە ئەوانەی چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ ئەنجام دراوە زۆر بێ هیوا بوون.

گەورەترین کێشە بۆ زۆربەی لایەنەکان سیاسیەکانی پێکهێنەری حوکمەت دڵسۆزی بۆ کەسێک یان خێزانێک، بەڵام هەرگیز لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی حیزبی دامەزراون کە سەرنجی لەسەر ئەو خاڵانە بێت کە هاووڵاتیان بە گرنگی دەزانن.

زۆرینەی خەڵک ئێستا وا دەبینن ململانێکە لەنێوان دوو مۆدێلدایە (کۆیلەیەتی نەتکاتە کۆیلە، بەڵکو برسیشت دەکات) ئەمە مۆدیلی یەکەم. لەگەڵ مۆدیلێکی تردا تۆ هەر کۆیلەت، بەڵام ناو موچەت دەبێت وێنەکە ئیجگار تراجیدیایە. دەبێت هەڵبژێرێت لە نێوان کۆیلایەتی زۆر برسی نەبێت لەگەڵ کۆلایەتی هاوڕێ بێت لەگەڵ نا دڵنیایی و برسێتی.

هاوکات لەم کاتەدا کەیادی شەهیدی نووسەروو ڕۆژنامەنوس (کاوە گەرمیانی) و نووسەر (شکوری ڕێکانی) دەکرێتەوە کە لە ناوخۆو لە تاراوگە، کە هۆکاری شەهید بوونیان نووسین و وتارو لەسەر گەندەڵی و ناشەفافیەتی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات، کپ کردن و خامۆش کردنی قەڵەمێکی بووێرو ئازا...

پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ/هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لەعێراق

## ئازاد مەجید کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەڵامی پرسی ڕۆژ ژمارەی داوەتەوە...



**بڕیارە ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لەعێراقدا بەڕێوەبچێت.**

**کەرکوك ئەوشارەی هەلومەرجی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری جیاوازی هەیە لەعێراق. بۆیە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەوە تەنیا دووەمین هەڵبژاردنی شارەوانیەکانە تێیدا بەڕێوەبچێت.**

**بەهۆی دیمۆگرافی وئەو هەلومەرجە جیاوازە، هەڵبژاردن لەوشارەدا جێی مشتومڕ وقسەوباسی جیاوازە.**

**بەڕای ئێوە ئەم هەڵبژاردنە لەچ هەلومەرجێکدا بەڕێوەدەچێت؟ ڕۆڵی لایەنە کوردی وعەرەبی وتورکمان...تاد چییە؟ چارەسەری تەندروست بۆ ئەو هەلومەرجە تایبەتەی خەڵکی کەرکوك چییە؟**

**بەڕێز ئازاد مەجید کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە.**

**ئازاد مەجید:** ماوەیەکە دیعایەی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و کەرکوکیش وەك شارێك کەبەر ئەو پڕوپاگەندەیە دەکەوێت بەچڕی دەستی پێکردوە. کرکوك لەبەر ئەوەی فرەنەتەوەیە زۆرتر چەقی کێشەکان کەوتۆتە ئەم شارەوە، و مێژوویەکی لەکێشمەکێشیش هەیە لەنێوان حیزبە ناسیونالیستە کوردی و عەرەبی وتورکمانیەکان، و لەڕابردوشدا دەیان کەس بونەتە قوربانی ئەم کێشانە، و تا ئێستاشی لەسەربێ هەردرێژەی هەیە .

لایەنە سیاسییەکان بەردەوام زۆرترین وزەو تواناى ماددى وسیاسی وکۆمەڵایەتی خۆیانی تێدا بەکاردەهێنن، بەتایبەتی لەم کاتەدا کەسیناریۆی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تێدا بەڕێوە دەچێ، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین کورسیەکانی شارەوانیەکان، و وەهەروەها پۆستی پارێزگاریش بەدەستبهێنن. بۆگەیشتن بەم مەرامەش سڵ لەهیچ کارێکی قێزەون ودوبەرەکی و ئاژاوە نانەوە ناکەنەوە. لەڕاستیدا پێش هەڵبژاردنەکانیش ئامادەکارییان کردوە، وەك ماهیەتی قەومیانەیان، کەبووە هۆی گیانلەدەستدانی چوار گەنجی شارەکەمان، و هەڵاو ترس وخۆفیان دروستکرد، و بووە هۆی بڵاوەپێکردنی هێزی چەکدار ودانانی خاڵی پشکنین لەسەرجادەوکۆڵانەکان وتەفتیشکردنی ماڵان وهێنانی هێزی زیاتر لەلایەن حکومەت ومیلیشیا شیعەکانەوە، و بەمجۆرە بوونە هۆکاری تێکدانی ئەمنیەتی شاری کەرکوك.

ئەم هەڵبژاردنانە لەهەلومەرجێکدا بەڕێوەدەچێت کەهێشتا کێشەی دەسەڵات لەنێوان لایەنە بەشداربووەکان، وئەوەی پێی دەڵێن ئۆپۆزیسیۆنی وەکو ڕەوتی سەدر و لایەنەشیعەکان یەکلانەبۆتەوە. کێشەیٚ قوڵیان لەسەر دەسەڵات کۆتایی نەهاتووە. بۆیە دەیانەوێ بەم هەڵبژاردنانە زیاتر جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن، ومونافسەکانیان بۆیەکجاری بخەنە دواوە. حەتمەن بەپاڵپشتی وڵاتانی ناوچەکە ومنافەسەی نێوان ئەمریکا، هەروەها ئێرانیش ڕۆڵی سەرەکی لەم کیشانەدا هەیە.


وەلێرەوە کەرکوکیش بوەتە یەکێك لە مەیدانەکانی کێشەی نێوان ناسیونالیزمی کورد وعەرەب وتورکمان وهەموو حیزبەکان وبزوتنەوە جیاوازو ڕەنگاوڕەنگە بۆرجوازیەکان بەهەموو ئاڕاستەکانیانەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی درۆ وبەڵێنی بێناوەڕۆکن، ودەیانەوێ جارێکی تر کڵاو لەسەری خەڵك بنێن. هەرچی مەلاو کوڕە ئاغاو خەڵکی کۆنەپەرست هەن ودەیانەوێ بەتەبلیغاتی ژەهراوی ودواکەوتوو ئیحساسی دواکەوتوانەی کۆمەڵگە بجوڵێنن لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان، وتا بتوانن لەم ڕێگەیەوە چەن کاندیدێکیان سەرکەوێت، یان بەدانانی پارێزگارێك گوایە ژیانی خەڵکی نەتەوەکەی دەگۆڕێت. حەتمەن ئەگەر وابێت ئەوا لەسەر حیسابی نەتەوەی بەرامبەردەبێت.

بەداخەوە زیاتر لەبیست ساڵە دەسەڵات بەدەستی هەموویانەوە بووە. بیست ساڵ ئیمکانانتێکی زۆریان لەبەردەستدا بوو! نەچارەسەری کێشە لەمێژینەکەیان کرد، نەوەزعی ئابوری خەڵکیان باشترکرد، ونەپرۆژەك خزمەتگوزاریەکانیان بەشێوەیەکی باش جێبەجێکرد. بەڵکو سەراپا پڕبوون لەگەندەڵی وسەڕوەتی شارەکەیان بەتاڵان بردووە، وخۆیان بوون بەملیاردێر، وخەڵکیشیان لەناو گێژاوی بێکاری ونەبوونی، وکێشەی نەتەوەیی، ونەبوونی خزمەتگوزاری باشدا جێهێشتوە. دەیانەوێ ئەم کێشانە بەچارەسەرنەکراوی ومادەی ١٤٠ ڕاگرتووە ، بۆئەوەی هەرکاتێك ویستیان زیندوی بکەنەوە، ولەپێناوی بەرژەوەندی وخۆدەوڵەمەنترکردنیان هەروا بەهەڵواسراوی بمێنێتەوە.

وەتا ئێستا پیسترێن شارمان لەئاستی دنیاو ناوچەکەدا هەیە کەرەنگە وێنەی کەم بێت. بەشێوەیەك پاشەکشەیان بەخەڵك کردووە لەباری بیرو هۆش وجل وبەرگ وکلتورەوە، کە پەنجا ساڵ پێش ئێستا خەڵکی ئەم شارە زۆر لەپێشتر بووە، سەرەڕای هەموو ئەوپێشکەوتنانەی کەبەشەریەت بەخۆیەوە بینیویەتی.

لەئێستا کوردستان بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتین بەهەمورەنگەکانیانەوە، کەچی ژیانی خەڵك لەوپەڕی خراپیدایە نەبوونی مووچەو خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاو کارەباو جادەوبان و کێشە زۆرو کەڵەکە بووەکان، و بنبەستی خنکێنەر کۆمەڵگە وژیانی توشی ڕاوەستان کردووە، وخۆیان ژیانێکی شاهانە بەسەر دەبەن وبوونە ملیاردێرەکانی جیهان .

کەچی هاتوون بەڵێنی بەتاڵ وبێناوەڕۆك دەبەخشنەوە، وزۆر بێشەرمانە پارەی دزراوی خەڵك بۆکڵاو خستنەسەریان دەبەخشنەوە، و ناشیرینترین کەلتورو ئەخلاقیان لەنێو خەڵکدا برەو پێداوە. ئەمبەرو ئەوبەر لەنێوان حیزب و بزوتنەوەکان دەکەن وبەم کاریان زەربە لە ماف وداخوازییەکانی خەڵك دەدەن وبرەو بەم خۆفرۆشیانە دەدەن. بەهەمان شێوە لایەنە عەرەبی و تورکمانی وتەنانەت ئەوەی بەخۆی دەڵێ ئۆپۆزیسێۆن پڕوپاگەندەی دواکەوتو عەشایەری وقەبەلی برەو پێدەدەن. پارەو دەعوەت وسەردانی سەرۆك هۆزو عەشیرەتیان کردوەتە



عادەت وبێشەرمانە جاڕ بۆشەڕی قەومی ونائارامی وپشێوی شار دەدەن. سەرەڕای هەموو ئەو پڕوپاگەندانە وشیاریەکی باش لەلای خەڵك دروستبووە، دەزانن تەنها فڕوفیشاڵی هەڵبژاردنە ولەکۆتاییدا ئەوان پێکەوە دەستکەوتەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکەن وخەڵکیش بەدەسبەتاڵی دەچنەوە ماڵەوە. بۆیە لەهەموو حاڵەتەکاندا دەبێ وریابین وفریوی ئەم دەسەڵات وحیزبانە نەخۆین. بەهەموو شێوەیەك بەشداری گاڵتەجاری هەڵبژاردن نەکەین وتەنها ڕێگە بۆچارەسەری یەکجاری، وڕزگاربوون لەم سیناریۆیانە ئاڵ وگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە، ولەڕیشەوە هەڵکەندن ولابردنی هەموو ئەوحیزبانەن کە یاری بەچارەنووس وئارامی وئەمنیەتی ژیانی خەڵکەوە دەکەن. دەبێ کاتێك ئێمە خۆمان ڕێخکستبێت ویەککگرتوانە نەفرەت لەهەموو ئەو ئیحساس وگرژیانە بکەین کە برایەتی ویەکێتی وچارەنووسی نەوەکانیشمان دەخاتە مەترسیەوە، وبتوانین هەرلەئێستاوە هەنگاوەکانی ئەو شێوە یەکێتی ودۆستایەتیە بنێین وخۆمان یەککگرتوو بکەین، ونوێنەرانی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو هەژار وئازادیخوازان لەگەڕەکەکانەوە بۆئاستی شار ئامادە بکەین. کەکار بۆ بەگەڕخستنی هەمووئیمکاناتی شار بەشێوەیەکی یەکسان لەخزمەتی باشکردنی خزمەتگوزاری و باری ئابوری خەڵك باشتر بکات، وەهەر لەخەڵکی شار هێزێکی تایبەت بۆپاراستنی ئەمنیەتی بەشێوەیەکی یەکسان دروستبکرێت، ولەڕێگەی دادگاوە سزای هەرحیزب ولایەنێك بدرێت کە کار لەسەرشێواندنی ژیان وئەمنیەت دەکات. وەسزای هەرحیزب ولایەنێك بدات کە دەیەوێ لەڕێی بڕینی موچەو ترساندنیان بەدەرکردنیان لەسەر کار ناچاریان بکەن دەنگیان پێبدەن. بەهێزی میلیشیاو چەکدارەکانیانەوە ناچاریان دەکەن مل بە گاڵتەجاڕیەکانیان بدەن. هەوڵ بدرێ ئازادی بەرفراوان بۆهەموو دانیشتوان زامن بکرێت. بەهەموو شێوەیەك بتوانن ناڕەزایەتی وداخوازیە ڕەواکانیان بگەیەنن وکار لەسەر چارەسەری کێشەی زەوی وزارو گەڕاندنەوەیان بۆخاوەنەکانیان و تەعویزی هەرکەسێك بکرێت لەپێناو کۆتایهێنان بەپاشماوەی سیاسەتەکانی بەعس، وئەوگرژیانەش کەئەم حیزب و لایەنانە دروستیان کردووە ...



# ناکۆکییەکانی نێوان ئیسلامی سیاسی و سەلەفی لەسەر غەززە و فەلەستین؟!

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

**ئەوە ڕەهایە. سەرجەم ڕەوت وحیزب وگروپە ئیسلامی و سەلەفیەکان لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا هیچ ناکۆکیان نییە. بەڵکو وەسیلەیەکی باشن بۆ پاراستنی ئەم سیستەمە چینایەتییە. بەگەشە و سەرهەڵدانی ئەمانە تەمەنی سەرمایەداریش درێژ تر دەبێتەوە. بۆیە ئەم سیستەم و دەسەلاتانەی بۆرژوازیش گرنگیان پێ دەدەن و هەریەکەیان چەندین گروپ ودەستەجاتی شیعی و سوونی و ئیخوانی سەلەفیان پێك هێناوە تا پێکەوە بەرژەوندیەکانیان بپارێزن. ئێستا ئەم بەرژەوندیانە لەپشتی ناکۆکیەکانی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەکانەوەن لە کوردستان...**

ناکۆکی و کێشەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ ڕەوتە سەلەفیەکانی کوردستان دەمێکە بوونی هەیە، بەڵام ئێستا لەدوای داگیرکاری ئیسرائیل بۆ غەززەو جینوسایدی فەلەستینیەکان، ناکۆکیەکەیان توندتر بووەتەوە، تا کار گەیشتووە بەوەی یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە لایەنگری ئیسرائیل و ئەمەریکا و یا بە لایەنگری بۆ ئێران و شیعە. تا کار گەیشتووە بەوەی سووکایەتی بەیەکتر بکەن و هەڕەشە لە یەکتر بکەن. ئیسلامی سیاسی بە تایبەت یەکگرتوو وە کۆمەڵی دادگەری بە ئاشکرا پشتیوانی لە حەماس دەکەن و ئەو کارە تیرۆریستیەی حەماس لە ٧ ی ئۆکتۆبەردا دژ بەخەڵکی مەدەنی ئیسرائیل ئەنجامیدا بە جیهاد دەزانن وپشتیوانی لە حەماس دەکەن بەبێ هیچ سەرنج و ڕەخنەیەک بە بەرگری لە خەڵکی فەلەستینی دەزانن. لەولاوە سەلەفیەکان بە تایبەت باڵي عەبدولەتیف سەلەفی و مەلا هەڵۆ ئەوە بە کارێکی خراپی حەماسی دەزانن و بەجیهادی نازانن، بەڵکو بەهۆکاری ئەو هەموو کوشتارەی دەزانن کە لە غەززە ڕوو ئەدات، بێ ئەوەی ئاوڕێک لە ڕابوردوی کێشەی فەلەستین بدەنەوە کە ٧٠ ساڵە ئیسرائیل ئەم کارە فاشیانەی ئەنجام داوە بەبێ بوونی حەماسیش. ناکۆکییەکانی ئەم باڵانە لەگەڵ یەکتر لەسەر خەڵکی فەلەستین نییە، بەڵکو لەسەر باڵادەست بوونیانە بەسەر کۆمەڵگەدا. ئەویش لە ڕوانگەی بەرژوەندییە ئابوری وسیاسیەکانی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوەیە، چونکە بەشێکیان لەگەڵ سیاسەتی ئێران و تورکیا و قەتەرن کە ئێستا لە پشتی حەماسن، کە باڵی کۆمەڵ و یەکگرتوون. لە هەمان کاتدا باڵە سەلەفیەکانیش لەگەڵ سعودیەن کە سەرکردەی سەلەفی و وەهابیەکانی جیهانە و لە ئێستادا پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ

ئیسرائیل و ئەمەریکا. هیچکام لەمانە ڕێگای واقعی ودروستیان پێ نییە بۆ کێشەی ٧٠ ساڵەی فەلەستین. ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ناکۆکن لەسەر ئەم داگیرکارییە وجینۆسایدەی ئیسرائیل لەدژی فەلەستین، بەڵام لەهەمان کاتدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئیسرائێل یا جوو نەمێنێ لەو سەرزەمینەی کە ئێستا تێیدا دەژین، هەموویان لایان وایە ئەوە خاکی ئیسلام و خەڵکی موسڵمانی فەلەستینە. ئەم بۆچوونە ڕاسیستیەی هەردوولا یەکێ لەهۆکارەکان بووە بۆ ئەوەی باڵی توندڕەو وە ڕاسیستی زایۆنی بەهێز بکاو هیچ ئیعترافێک بە بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین نەکا و کوشتوکوشتاری زیاتر بکات و کارە فاشیەکانی دژ بە خەڵکی ستەم لێکراوی فەلەستین زیاتر ئەنجام بدا. وە گەورەترین کۆسپ و بیانوو بوون بۆ ئەوەی ئیسرائیلی زایۆنی و فاشیست دەوڵەتێ بۆ فەلەستین بە فەرمی نەناسێ. ئەوە ڕاستە کە ئیسرائیل تاوانباری سەرەکییە، چونکە بە ئاگرو ئاسن مافی ئینسانی خەڵکی فەلەستینی پێشێل کردووە وسیاسەتی ئاپارتایدی پیادە کردووە لە دژیان، چونکە ئەوە پێداویستی سیستەمی سەرمایەداری جیهانە بە تایبەت بۆ ئەمەریکا و غەرب بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەدابەش بوونی جیهاندا لێرەوە سوودمەند بن. ئەمەریکا ئیسرائیلی زۆر بۆ گرنگە لە ناوچەکەدا بۆیە سڕینەوەی ئیسرائیل مەحالە. کەوایە داواکاری سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە و دەرکردنی جووەکان مەحاڵە. لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە کێشەکە لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ فەلەستینیەکان چارسەرە، نەک ئەوەی ئیسلامی سیاسی بە حەماس و بە ئێران و باڵەکانی شیعەو سوونی و بەسەلەفیەکانیشەوە داوای دەکەن

کە نەمانی ئیسرائیلە. جمهوری ئیسلامی ئێران بەو پروپاگەندەی دەیکات بۆ سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە تەمەنی نەگریسی خۆی درێژ دەکاتەوە و قەیران وملهوڕیەکانی خۆی لەبەرانبەر خەڵکی ئێراندا پێ دادەپۆشێ و درێژە بەسەرکوت وئیعدامی ئازادیخوازان و کرێکاران و چەپ و کۆمۆنیستەکان دەدات، بۆیە پشتی حەماس دەگرێ و هانی دەدات تا دەرکردنی جووەکان و گێڕانەوەی قودس بۆ ئیسلام واز نەهێنێ. بەهەمان شێوە هانی هەموو ئەو گروپە شیعی وسوونیانە دەدات کە نزیک لە ئەون کەهەمان هەڵوێستیان هەبێت، لەوانەش عەلی باپیر وکۆمەڵی دادوەریە و گروپە شیعەکانی عێراق و لوبنان وسوریا و یەمەن. قەتەرو تورکیاش بەهەمان شێوە وەک دوو دەوڵەتی ئیخوانی هەمان هەڵوێستیان دەبێ و هەموو گروپە ئیخوانیەکانیش هاندەدەن کە وەک ئەوان بن یەکێ لەوانەش سەلاحەدین بەهادین و یەکگرتووی ئیسلامییە. لەولاشەوە سعودیە خەت دەدات بەسەلەفەکیان کە دژی حەماس و شیعەو ئێران بن. دەوڵەتی سعودیە بەرژوەندی ئابوری وسیاسی لە مڕۆدا لەوەدایە کە جەنگ لە دژی ئیسرائیل نەکرێ و پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی کە تازە دەستی پێکردوە لەگەڵیدا تێک نەدا. نایەوێ دژی ئەمەریکا وئیسرائیل بێت. هەردوو لای ناکۆک لە پشت بەرژوەندییە ئابوریەکانی باڵەکانی دوو لایەنی بورژوازیدان، چونکە هیچ ڕەوتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی وئایینی نییە لەدونیادا بەرژەوەندی ئابوری چینێکی کۆمەڵایەتی لە پشت نەبێ، ئەوە ڕەهایە. سەرجەم ڕەوت وحیزب وگروپە ئیسلامی و سەلەفیەکان لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا هیچ ناکۆکیان نییە، بەڵکو وەسیلەیەکی باشن بۆ پاراستنی ئەم سیستەمە چینایەتییە. بەگەشە و

سەرهەڵدانی ئەمانە تەمەنی سەرمایەداریش درێژ تر دەبێتەوە، بۆیە ئەم سیستەم و دەسەلاتانەی بۆرژوازیش گرنگیان پێ دەدەن و هەریەکەیان چەندین گروپ ودەستەجاتی شیعی و سوونی و ئیخوانی سەلەفیان پێک هێناوە تا پێکەوە بەرژوەندیەکانیان بپارێزن. ئێستا ئەم بەرژوەندیانە لەپشتی ناکۆکیەکانی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەکانەوەن لە کوردستان. ئەمانە هیچکات بەرژەوەندی خەڵکی فەلەستینیان ناوێ کە قوربانی سیاسەتە توندڕەوەیەکانی ئیسرائیلی فاشیست و نەتەنیاهۆی تیرۆریستن. ئەگەر ئەم باڵانەی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی کە گوایا لە پشتی مرۆڤی لێقەوماون بۆیە بەرگری لە فەلەستین دەکەن (کە درۆیەکی گەورەیە) بۆچی بەرانبەر جمهوری ئیسلامی ئێران نوزەیان لێوە نایەت کە تا ئێستا ٣٠٠ هەزار کەسی ئیعدام کردووە و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و زاهیدانی قەتل وعام کردووە؟ بۆچی لە شۆڕشی ژینادا بێ دەنگ بوون؟ بۆچی بێ دەنگن لە بەرانبەر هێرش و داگیرکاریەکانی تورکیا بۆ عەفرین و ڕۆژئاوای کوردستان؟. یا سەلەفیەکان بۆچی بێدەنگن لە قەتل و عامی خەڵکی بێ گوناهی کوردستانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و باکور و یەمەن کە بەهەزاران کەسیان لەلایەن ڕژێمەکانی تورکیا و سوریا وسعودیەوە لێ کوژراون. یا بۆچی ئەمانیش بێ دەنگ بوون لە بەرانبەر خرۆشانی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ژینادا؟ درۆی ئەمانە و فرمێسکی تیمساحیان بۆ خەڵکی غەززە هەر لە پێناو مانەوەو گەشەی گروپەکانی حەماس وخۆیانە و بەرژەوەندی ئەو هێزو لایەنانەی کە وابەستەیانن. درۆی ئەمانە دەکرێ لە لایەن مرۆڤی هۆشیارەوە بزانرێ. کاتێ ڕابەرانی ئیسلامی سیاسی باس لە جیهاد دەکەن کەچی نە خۆیان و نە نەوەیان ناچن بۆ ئەم جیهادە ئیتر ئەوە درۆ دەکەن. کاتێ عەبدولەتیف سەلەفی دەڵێ: هۆکاری شکستی حەماس ئەوەیە کە لەسەر سوونەتی خواوپێغەمبەر نین! کەسی هۆشیار ئەو پرسیارەی بۆ دروست ئەبێت: ئەی دەبێ هۆکاری سەرکەوتنی ئیسرائیل و ئەمەریکا لەشەرەکەیاندا چییە؟ ئایا ئەوان لەسەر سوونەتی خوداو پێغەمبەرن؟ یا تەکنۆلۆجیاو چەکی پێشکەتوو هۆکاری سەرکەوتنیان؟ هەردوولا واتە ئیسلامی سیاسی و سەلەفی هەمیشە هەوڵ دەدەن ئینسان زیاتر بگەوجێنن تا بەرژەوەندی خۆیان و دەوڵەت کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بپارێزن. خەڵکی فەلەستین بە پشت بەستن بە حەماس و بەئیسلامی سیاسی یا سەلەفی کێشەکەیان قووڵتر دەبێتەوە دەبێ خۆیان جیابکەنەوە لەمانە. داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن بە بێ ئەمانە ئەمەیە چارەسەری کێشەکە یان کە زیاتر لە ٧٠ ساڵە لێ یان دەکوژرێ وزیندانی دەکرێن و ئاوارە دەکرێن .

**هەزاری شۆڕش بەرپا ناکات، بەڵکو هوشیاربوونەوەی هەزارانە کەشۆڕش بەرپا دەکات...**




پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکیدا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...

**بەرپرسی گۆشە: هاوژین ڕەشید**

haw1986zhin@gmail.com



# چەردەیەك لە بارەی فێمینیزم و جۆرەکانی

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

وشەی فێمینیزم بۆ یەکەمجار لەلایەن "چارلز فوریە"، کەسایەتی سۆسیالیستی سەدەی نۆزدە بۆ بەرگری لەمافی ژنان بەکارهێنرا. لەسەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی و لە سەروبەندی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، کۆمەڵێکی بەرچاو لە ژنان خۆیان وەک فێمینیسم پێناسە کرد.

وشەکە بەدەستپێکی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی زایینی و پەرەگرتنی شەپۆلی دووهەم، جێگەی خۆی لە نێو ئەدەبیات، سیاسەت، هونەر، مێژوو، ئابووری و مافو مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی کردەوە و بەم شێوە فێمینیسم لەهەوڵی ڕەخنەگرتن لەهەموو بیرۆکەکاندا بوو.

لە وەڵام بەپرسیارێک سەبارەت بەچۆنیەتی فێمێنیسم، وەڵامێکی گشتی نەدراوەتەوە. گرووپێک ئەم چەمکە بەبزوتنەوەیەکی ڕێکخراو بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان پێناسە دەکەن و گرووپێکی دیکەش ئەمە بە ڕێکارێک دەزانن بۆ دەربازبوون لەژێردەستەیی، ستەم، نابەرابەری و بێ عەدالەتی دژی ژنانو گرووپێکیش بەئایدۆلۆژیەکی دەبینن، کە مەبەستی نەک تەنیا بەرابەری ژن و پیاو، بەڵکو تێکشکانی سەرجەم سیستمی کۆمەڵایەتییە.

سەرەڕای ئەم خوێندنەوە جۆراوجۆرانە، فێمێنیستەکان هەموویان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ژنان بەهۆی ڕەگەزبوونیانەوە دەچەوسێنەوە. ئەو پێناسانەی کە فێمێنیستەکان بۆ ئەم ڕێبازە دایان ڕشتووە، لەژێر کاریگەری ڕاهێنان، ئایدۆلۆژی یان چینەکان دامەزراوە.

فێمێنیستە لیبراڵەکان تەئکید لەسەر پێویستی یەکسانی لەئاستی گشتی دەکەنەوە، فێمێنیستە مارکسیستەکان سیستمی سەرمایەداری بەهۆکاری سەرەکی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەزانن.

فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان، خەڵک سالاری لەئاستی گشتی و تایبەتی دەخەنە ژێر پرسیارو کەڵک لەڕوانگەی دەروونناسانە بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەت نابەرابەرییەکان وەردەگرن و هەر بەم هۆیەوە فێمێنیستە سۆسیالیستەکان خەڵک سالاری و سەرمایەداری دەدەنە بەر ڕەخنەو هاوکاتیش ڕێکارەکان پێشنیاز دەکەن.

**فێمێنیستی لیبڕاڵ.**

فێمێنستی لیبڕاڵ یەکێک لەناسراوترین بۆچوونەکانی ئەندێشەی فێمێنیستیە، کە ڕوخسارێکی هێمنانەو فەرمی لەفێمێنیسم نیشاندەدات و پێداگری لەسەر پێگەی ژنان بەگوێرەی:

١. مافی یەکسانی.

٢. ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداری ژنان لەئاستی گشتی، کە لەسەرەوەی بنەماڵەو ماڵدارییە، دەکات.

زۆربەی نووسینەکان لەمەڕ کاری ژنان، یەکسانی ژنو پیاو لەئاستی بنەماڵەو پێویستی ڕاهێنان بەبێ جیاوازی بۆ منداڵان بەشێوەیەکە بتوانن لەگەورە ساڵیدا ڕۆڵێکی شیاو بەپێی ڕەگەزی خۆیان بنوێنن، ڕازی دەبن.

بەبڕوای فێمێنیستە لیبراڵەکان، سیستمی لیبڕالیستی بەکەڵک وەرگرتن لەناوەندەکان و مافی دیاریکراوی یاسایی، زیاتر لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیکە ئیزنی ئازادی و بەرابەری تاکەکەس دەدات، بەڵام تەنانەت لێرەشدا بواری یەکسانی، لەگەڵ ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی جنسی خەوشدار دەبێت.

هەڵاواردنی جنسی لەوانە ڕەگەزپەرستی مرۆڤەکان لەچوارچێوەی کەسایەتیەکی هێمن، بەندیکراو و کۆمەڵگە لەپێشکەوتنەکان بێبەش دەکات، لەبەرئەوەی، کە ژنان بەکەم چاو لێدەکرێن، پێش بەگەورەترین گەشەکردنە کولتووریەکان دەگیردرێت.

لیبراڵەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە زۆربەی ئینسانەکان شیاوی ڕاهێنانو پەروەردەن بۆئەوەی تێگەیشتنێکی قووڵیان لەپەیوەندییە هەڵاواردنەکانی کۆمەڵگە ببێت.

بەرنامەی فێمێنیستە لیبراڵەکان بۆ نەهێشتنی نا یەکسانی جنسی بریتین لە:

١. کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئیمکاناتە سیاسی و یاساییەی، کە بۆ گۆڕانی ئەم دۆخە لەبەر دەستدایە.

٢. دابینکردنی بواری یەکسانی ئابووریی.

٣. چاکسازی ناوەندەکانی، بنەماڵە، قوتابخانە، ڕاگەیاندنە گشتییەکان و بەگشتی ڕاوەستانی فێمێنیستی لیبراڵ لەسەر چاکسازی لەکۆمەڵگە، نەک ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە.

**فێمێنیسمی مارکسیستی.**

ڕوانگەو چوارچێوەی بیری فێمێنیسمی مارکسیستی هەڵقوڵاوی بۆچوونەکانی مارکس و ئینگڵسە. کتێبی »سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارێتی تایبەتو دەوڵەت «ئینگڵس، سەرچاوەی کلاسیکی فێمێنیستە مارکسیستەکانە.

بەشێک لەداهێنانەکانی چەمکی مرۆڤناسانەی ئەم مەسەلە بەپێی بۆچوونەکانی "مۆرگان" داڕێژراوە. کەسانێک وەک "ئاگۆست ببل"، "کلارا زدکین"، "ئەلکساندر کۆلنتای"، "ئیولین رید" و "لیز واگل" بەخاوەنانی سەرەکی فێمێنیسمی مارکسیستی دێنە ئەژمار.

ئەم ڕوانگە لەئەندێشەی فێمێنیستی بە گوێرەی نموونەی لێکدانەوەی مارکسیستی دەپرژێتە سەر دۆخ و ستەمەکانی سەر ژنان و دواتر ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆ گۆڕانی ئەم دۆخە بە چ شێوەیەک دەبێ خەبات بکرێت.

ئەوانەی بڕوایان بەفێمێنیستی مارکسیستی هەیە لەسەر ئەوە کۆکن کە بنەمای ئەو ستەمەی، کە بەسەر ژنانەوەیە، بەرهەمی خاوەندارێتی تایبەتی و دابەشکردنی کاری جینسیەتی و لەکۆتاییشدا سیستمی بنەماڵەی پیاوسالارە.

لەلایەکی دیکەوە، سیستمی سەرمایەداری بەهۆکاری سەرەکی دووبارەبوونەوەی ئەم نایەکسانییە دەزانێت. بەجۆرێکی دیکە، دوژمنی سەرەکی فێمێنیستە مارکسیستەکان بۆ ئاڵوگۆڕی دۆخی ئێستا و کۆتاییهێنان بە نایەکسانی ڕەگەزی، هەوڵدان بۆ بەئەنجام گەیشتنی شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیە، کە تێیدا بارودۆخی ژنان و پیاوان بەرابەر دەبێت.

بەمشێوە بزوتنەوەی فێمێنیستی دەبێت تەئکید لەسەر ژنانی کرێکار بکاتەوەو خەباتی سەرەکی خۆی بەخەباتی چینایەتیەوە گرێ بدات. ئاستی کردەوەی فێمێنیستە مارکسیستەکان شوێنە گشتیەکانە و زۆرتر بایەخ بەمەسەلەی چینە بندەستەکانی کۆمەڵگە دەدات.

فێمێنیستە مارکسیستەکان لەهەوڵی ئەوەدان بۆئەوەی ژنانی کرێکار بهێننە ڕیزی خەباتکارانی شۆڕشی سۆسیالیستی.

فێمێنیسمی ڕادیکاڵ.

یەکێک لەسەرەکیترین جیاوازییەکانی فێمێنیسمی ڕادیکاڵ لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکەی ئەم چەمکە ئەوەیە، کە پەیڕەوی هیچ دەزگایەکی دیکەی ئەندێشە ناکات، ئەو سیستمانەی کە فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان بەپیاوانە ناوی لێدەبەن.

فێمێنیسمی ڕادیکاڵ بایەخێکی ئەرێنی بەژنان دەبەخشێت و وەک چینێکی بندەست لەبەرابەر پیاوان پێناسەی دەکات.

فیمێنیسمی ڕادیکاڵ بایەخێکی ئەرێنی بەژنان دەبەخشێت و وەک چینێکی بندەست لەبەرابەر پیاوان پێناسەی دەکات. لەوانەیە بتوانین بڵێین گرینگترین مانا لەڕەوتی فێمێنیستی، ستەمی جنسیەتی، وەک یەکێک لەکۆنترینو توندترین شێوەی نابەرابەریەکانە، ستەمێک کە ژنان تەنیا بەهۆی ژن بوونیایەوە تووشی دەبن.

ئەگەرچی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان تەنیا بە ڕەخنە لەو ستەمەی، کە لەسەر ژنان هەیە ڕازیی نابن، بەڵکو لەم ئاستەش بەرەوپێشتر دەڕۆنو هەموو شێوەکانی چەوسانەوەو سەرکوت کە هەڵقوڵاوی بیری پیاوانەیە، دەدەنە بەر ڕەخنە.

فێمێنیسمی ڕادیکال سەرەڕای وێکچوونی لەگەڵ ڕەوتە سۆسیالیستی-مارکسیستیەکان، یەکێک لەڕەخنەگرانی جدی ئەوانیش دێتە ئەژمار. ئەوان بەجێگەی مەسەلەی کارو بەرهەم، جەخت لەسەر هەستە جینسیەکانو ملدانی ژنان بەکۆمەڵگە دەکەن و ڕایدەگەیەنن، هەر ژنێک، جیاواز لەچینەکەی، ڕەگەز، گرووپی تەمەنی و... بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ ژنانی دیکە هەیە.

ڕادیکاڵەکان دەسەڵاتی پیاوسالارانە نەک بەواقعێکی دەروونی، بەڵکو بە بەرهەمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەزانن، بەڵام بەهۆی ئەوەی، کە ستەمی جنسی بەواقعی ئەمڕۆیی دەبینن، بەرگری لەڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بۆ ئاڵوگۆڕ لەنێو کۆمەڵگە دەکەن.

**فێمێنیسمی دەروونناسانە.**

وشەی دەروونناسی لەڕوانگەی فرۆید لەسێ نووسراوە سەبارەت بەبۆچوونی جنسی کەڵکی لێوەرگیراوە. ئەو ڕەخنانەی، فێمێنیستەکان بەتایبەت ڕەخنەگرانی سەر بەشەپۆلی دووهەم لەفرۆید دەگرن و هەڵوێستەی دەروونناسانەی بەئاراستە بوونی جنسیەتی هەڵدەسەنگێنن، ڕوانگەیەکی دەروونناسانەی نوێ سەری هەڵداوە، کە بەبۆچوونی جنسیەتی ناوەزد کراوە.

فێمێنستەکان لە راوبۆچوونی دەروونناسانەی فرۆید بۆ شیکردنەوەی ئەم مەسەلە کەڵکیان لێوەرگرتووە، کە چۆن ڕاهێنانەکانی سەردەمی منداڵی سەر دەروونی مرۆڤ کاریگەری دادەنێت و لەسەردەمی گەورەساڵیدا خۆی نیشان دەدات.

"نانسی چۆدۆرۆف، کارول گیلیکان، کیت میلتو ژولیت میچڵ" بەڕێبەری فێمێنیستە دەروونناسەکان ناسراون.

بۆ وێنە "چۆدۆرۆف" ئاماژە بەڕۆڵی دایک لەبابەت لەباوشکردنی منداڵ و شوناسی جنسیەتی لەڕێگەی دایکەوە دەکات و باس لەوە دەکات، کە بۆچی کوڕان خێراتر دەگەنە سەربەخۆیی و کچانیش حەزیان لەپەیوەندی خۆشەویستانەیە.

"ژاک لاکان" یەکێک لەتوێژەرانی شێوەکاری فرۆید و لەکارتێکەرانی فێمێنیزمی دەروونناسانەیە، کە نەبوونی دەزگای زاوزێ بەهێمای کولتووری دەزانێت و لەلێکدانەوەکانی ژینگەناسی فرۆید دوور دەکەوێتەوە.

ناوبراو لەهەمانکاتدا تەئکید لەسەر پەیوەندی گەڕان بەدوای شوناسو فێربوونی زمان دەکاتەوە. "ئیریگاری" یەکێک لەقوتابیەکان و ڕەخنەگرانی "لاکان" و هاوشان لەگەڵ "هێلێن سیکسۆ" لە ڕەچەشکێنەرانی قوتابخانەی نووسینی ژنانە دێتە ئەژمار. ئەو قوتابخانەی کە باس لەمەسەلەی جەستەی ژنان دەکات و پەرەپێدەری نووسینی ژنانەیە.

**فێمێنیستی سۆسیالیستی.**

ئاکامی ململانێی نێوان فێمێنیستەکانی ڕادیکاڵ و مارکسیست، لەمەڕ هۆکاری ژێردەستەیی ژنان و چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی دۆخ لەدەیەی 1970ی زایینی جێگەی باسێکی هەمیشەیی بووە، ڕوانگە نوێکان لەدایک بوون کە دواتر بەناوی فێمێنیستی ڕادیکاڵ ناوزەد کران. "ژوولیت میشل"، "هایدی هارتمەن"و "ئالیسۆن جیگر" لەڕیزی خاوەنانی بیرۆکەی سەرەکی ئەم ڕەوتە فیکریە بوون.

نووسراوەی، زەواجی ناسەرکەوتووی فێمێنیسم و مارکسیسم، بەرهەمی "هایدی هارتمەن" لەڕیزی بەرهەمە کلاسیکەکانی ئەم ڕەوتە فیکریەیە.

مەسەلەی سەرەکی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان، وەڵامدانەوەی چۆنیەتی تێکەڵبوونی سیستمی سەرمایەداری و سیستمی پیاوسالارییە. بەجۆرێکی دیکە، ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، بۆ لێکدانەوەی دۆخی ژێر دەستەیی ژنان، هەروەها داڕشتنی ستراتیژی خەباتکارانە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەم دۆخە نابێت تەنیا لێکدانەوەیەکی یەک جەمسەری بێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێک مەسەلەو هۆکاری پێکهێنانی دۆخی ژێردەستەیی ژنان بدەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە.


لەم ڕووەوە، فێمێنیستە سۆسیالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، بۆ

بۆ لاپەڕە 13

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە. یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



## گۆشەی ئەدەب وهونەر دەپرسێت:

## ڕێبوار حەمە شەریف ئەکتەرو دەرهێنەر، دەرچووی زانکۆی بەغدا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، سەبارەت بە فیلمی ساڵی ١٩٨٨، وەڵام دەداتەوە...

### گۆشەی ئەدەب وهونەر دەپرسێت:

### بۆ تاوانێک لە هەڵەبجە لە١٦/٣/١٩٨٨ دا ڕوویدابێت کراوە بە نمایشی فیلمی ٨٨؟ چ بێ ئابڕووییەکی بازرگانەکانییەتی؟

لە باسی پێشوماندا هەندێ لەو ڕەخنەو و سەرنجی وردمان خستە ڕوو تاکو بینەری ئەم فیلمە لەهەر جێگەیەک نمایشت کرا، بە دیقەت و ویژانی مرۆڤانەو قەڵەم نووسێک و ڕەخنەگرێکی.. ئازاو بە توانەوە بڕواننە هەموو گۆشەو نیگاو ڕووداوەکانی ناو نمایشی ئەم فیلمەوە کە گوایە ئەم فیلمە باس لە ساڵی ١٩٨٨ ی شانزدەی سێ و تاوانی ئەو ڕۆژە پڕ لە مەرگەساتانە دەکات.

من هەر لێرەوە ..

ڕەخنەی توندو بنچینەیی ئاڕاستەی سینایست و دەرهێنەرو مونتاژ و کامێرەمان و هەموو ئەو بەشداربوانەی کە وەک ئەکتەری ناو ئەم فیلمە ڕۆڵیان تێدا بینیوە و تا هیچ نەبێت با ویژدانیان لە عەزابێکدابێت کە هەر خۆیان ببنە دادوەرێک و لێکۆڵەری ئەو تاوانە، کە لە ساڵی ١٦/٣/١٩٨٨ ڕوویداوە. تا چەندە ئەو هەقیقەتەی ڕوماڵ کردووە و وەک ئەرکی مێژووی جینۆسایدکردنی ئەو شارەو، لەو فیلمەدا بەڕوونی و بە بێ ئەوەی سانسوری دەستەو تاقم و، ترسی لێ نەڕەنجانی وڵاتانی تری لە دڵدا بێت کە هەموو ئەو ڕاستی و ڕووداوە دڵتەزینانەی، لە گوشەیەکی تراژیادیاییەوە، چاوی کامێرەو وردی ئەو دیمەنانەی بەڕاستی خستۆتە ڕوو بۆ دیدی هەر بینەرێک کە لە داهاتوودا دەبێتە ئەرشیفێکی باوەڕپێکراوی مێژووی گەلێکی ستەملێکراو کەخەڵکێکی سڤیل لەو شارەداو لەو ڕێکەوت و مانگ و ساڵەدا .

هەر بۆیە لێرەوە تا ئەو جێیەی وردتر و وردتر دەبمەوە، لە ڕەخنەی قورستر و بنەمای ئەکادیمیانە تر ڕووبەڕووی فیلمێکی بازرگانیکردن بە مێژوویەکەوە کە وەک دەڵێن: شەرمە دەستنوێژ!! نەگری و باسی بکەیت، ئاخۆ چۆن دوا ڕۆژ ئەو ستافە لە ڕوویان دێ بەشانازیەوە باس لەو فیلمە لۆکاڵییە و بێ ئەوەی هیچ مەسئولیەتیەکی مێژوویی ئەخلاقی لە خۆگرتبێت، ئاوەها بێئابڕوویانە دەست بۆ ئەو کارە گەورە ببرێت و بە بەرچاوی ئەو هەموو کەسایەتیانەوە پڕاو پڕ لە درۆو داتاشینی شوناسی ئەو کەسانەی کە بونەتە قوربانی، ئەو دیکۆمێنتانەی کە خودی ئێران و هەندێ لە ڕۆژنامە نووسە بیانییەکان "بە وێنەو فیلمی هەقیقی گیراون، ئێستا چۆن دەکرێ لە ٣ دیمەندا و بە چەند وێنەی ئاکشنی نمایش بکرێ... بەڕاستی جێگەی شەرمە کە بە بەرچاوی ئەو هەموو قەڵەم بەدەست و ڕەخنەگرانەوە کارێکی وەها ئهانە نەکرێت و نەبێتە مایەی ڕەجمکردنی ئەو ستافە کە بەو کار هەستاوە.

هەر بۆیە ناچارم دەکەن پێش ئەوەی باس لە کرۆکی ناو فیلمە بکرێت کە جگە لەوەی وەک بازرگانی و کەمکردنەوەی .. ئاستی ئەو تاوانە، وەک جینۆساید و دەربازکردنی هاریکاریەکانی دونیای سەرمایەداران و فرۆشتنی چەکی قەدەغە کراو بە ڕژێمێکی تا سەر ئێسقان و خوێنمژی وەک بەعسی فاشیزم و ئێرانێکی شیعە مەزهەب و دەستەی تاوانباران و پێشەنگ و دەستگرانی بۆ ناوشاری هەڵەبجە، هیچی تر لە ناوبوونی ئەو فیلمەدا ناکرێ لەبەر ئەوە ئێمە "وەک وتمان : لە پێشتردا ئەرکی ڕەخنە و گرێدانی ڕەخنە بە پرسیارو گفتوگۆوە، گرێ دەدرێت، هەر بۆیە سەرەتا.. کۆمەڵێک پرسیارمان وروژاند تا ئاڕاستەی چاوی خوێنەر کراوەتربێت و هزرێک و بەرچاو ڕوونیەکیان لادروست ببێ، گەر هەر تاکێک بینەری ئەو فیلمە بوون لە هەر سینەماو لەهەر پیشاندانێکی ڕیکلامی و نمایشی ئەو فیلمە کە ناویان ناوە ٨٨ ، ،

وەک وتمان کە گوایە ئەوە باس لە تاوانی ١٦/٣/١٩٨٨ دەکات، خێرا چاو بەو مێژووە و ئەوساڵ و ڕۆژدا بخشێنن و هیچ نەبێت پرسیارێک دروستبێت کە ئایا؟ بۆچی ١٦/٣ لەم ساڵە جیا کراوەتەوە، ٨٨ چی بووە و چی تاوانێکی تر لەو ساڵەدا ڕووی داوە .

هەر بۆیە لەو دەستەو تاقم و بازرگان و ستافەی کە فیلمەکەیان هێناویانەتە بەرهەم دەپرسم. تا لە دوایدا بکەوینە ڕەخنەی توندتری، بواری فیلمسازی لەڕووی میتۆد و بواری فەرهەنگ و درامای ڕاستەقینەو درامای دروستکراوی خەیاڵی و فیلمی بازرگانی و تا هید.. دێ لە ڕووی زانستییەوە شرۆڤەی بۆ بکەین و ئاستی تاڵی و کرچ و کاڵ و هەق و ناهەق پێدانی لەو گۆڕەدا بخەینە مەیدانەوە بۆ بەر دیدی بینەران.

پرسیارەکانمان:

١ - نە دەکراو بۆچی؟ ڕووداوەکە لەبەر دەرگایی ماڵی (عومەری خاوەر )رەوە، بە زومی کامێرەکەتان "وێنەی ئەو دیمەنە تراژیدیایەی (عومەری خاوەر)تان بخستایەتە بەر گەورەیی شاشەی سینەماوە تا چاوی بینەر ئەم وێنە تراژیدیا بێنێتەوە یاخود ئەو پرسیارەی لە لا دروست ببێ و بڵێ ئەمە کێ یەو کەی گیراوە و لە کوێ و چی کات و زەمەنێکداو کەی؟ لەکاتێکدا ئەو وێنەیە، وێنەیەک بوو ڕەمزی هەڵەبجەو ئەو ترژیدیایە لە ١٦/٣ دا بوو وایە؟ ئەی بۆ فیلمەکە ناوی ٨٨ تان لێناوە؟.

٢-دەپرسم؟ هەلیکوپەتەر بۆردومانی شارەکەی کرد یان ئەو فڕۆکانەی کە ئاسمانی شاریان تەنیبوو، چەندبوون و لە چ لایەکی ئاسمانەوە هاتن؟ جۆری گازەکان چی بوون، کە وەک سەرپۆشێکی سپی و خۆڵەمێشی شاری دا پۆشی بوو، چەند جۆر بوون؟

ئەی لە فیلمەکەدا ئیشارەتێکتان پێداوە کە هاوردەو کردەی چی وڵاتێکە؟

٣-ئەی شوناسی ئەو کار ئەکتەرانەی وەک (عومەری خاوەر) و (ئەو ڕەحمانی چایچی) کەڕۆڵیان لە ناو فیلمەکەدایە کە زۆر گرنگ بووە وەک خۆی، باری ژیان و گوزەرانی ئەوانتان خستۆتە ڕوو، تا خوێنەر و نوسەر ناسنامەو کەسییەتی ئەو پاڵەوانەی کە ڕۆڵی ناو ئەو تراژیدیایە دەبینن، لە دوا ڕۆژدا نەبێتە مێژوویەکی شێوێنراو؟.

٤- ئەی ڕەتڵی پاسداران و هاتنیان بە جووتێ نەعلی









سەرپێییەوە و بوونی ئەو هەموو دەمامک و دەرزی (ئەنترۆپین)ە و مەڵحەمی چاو و دەرمانی سوتان دژی خەردەل (الحرق)، لە هیچ شوێنێکی نمایشەکەدا نیشان داوە؟

٥-ئەی بوونی ئەو هەموو چەکدارە قارەمان و شڕەخۆر و پەنجە بڕانەی شاخ و ئەوانەی بوونە پردی سیڕات بۆ پاسدارو بانگخوازان و پێش نوێژکەرانی هەقیقەتێکە بۆچی کران بەژێر بەڕەوە؟ ئەدی نەئەکرا هیچ نەبێت بە ئیشارەتێک نیشانتان بدایە؟ ئەی بوونی معارەزی عێراقی (مجلس العلاه) و بەدرو دەستەو تاقمی تێکەڵاو لە هەمەڕەنگی عەرەبی بۆ کوێ چوو؟

٦- دەکرا، خۆ تاوانەکە هەزار ساڵ پێش ئێستا نییە! ناو ماڵ و بەردەرگای عومەری خاوەرتان نیشان بدایە. بۆ ئەوە مونۆگرفیەیەتی دیوارو بوون بە شوێنێکی ئەسەری با وەک خۆینمایش بکرایە! وەک لەوێنەکەدا نووسراوە ئەم ماڵە بۆ فرۆشتن ..


بابەتەکە تەوا دەکەین وەک ئەرکی زانستییانە، وشکڵ و جەوهەر لە بوونی فیلمێکی واقیعیدا دەبوو کە، ئەرکی (دەرهێنەر و سینایست) کە ڕەچاو بکرانایە و بنوسرایەتەوە وەک، گرێ و پاڵنەرو بوونی دیمەنەکان وەک خۆی و دابەشکردنیان بە پێی جوگرافیای ناو ڕووداوەکەو وە هەموو ئەو کارئەکتەرانەی ..کە ڕۆڵیان دیوە تێیدا بەرجەستەیی تەواو بکرایە لە ڕووی تەمەن و سیماو کلتور و ناوچەکدا، هەموو ئەوانە دەخەینە بەر دیدی خوێنەرو و بە سەلماندنەوە کە ئەو فیلمە بە هێچ شێوەیەک نە نزیک و نەدوور پەیوەست ناکرێ بە ڕۆژی ١٦/٣ وە، هەر ئەو هۆیەشە، وابکات کە ئەو ڕۆژوو مانگەی □لێقرتێنراوە تا تاوانبارانی جەنگ و پێشڕەوەکان دڵ ڕازی بکات و بەدەریان نێن لە تێ گلانیان ودەستی گلاویان لەو تاوانەدا، کەواتە تەنها کارێکی بازرگانییەو هیچی تر.

**بابەتەکە و باسکردن لەم فیلمە هێشتا ماویەتی..**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# فیلمی ٨٨ فیلمی بچووکردنەوەی هەڵەبجە...

## نووسینی:نەجم محەمەد

بەشی دووەم

### بەرهەمهێنانی فیلمیکی باش پێویستی بەسێ شتە. سیناریۆ، سیناریۆ، سیناریۆ. (دەرهێنەری بەریتانی الفرید هیتشکوک).

کاکی دەرهێنەر لەم فیلمەدا هەم دەستکاری مێژوو وڕووداوەکانی هەڵەبجەی کردوەو هەمیش شێواندویەتی. یەکێکی تر لەڕەخنەکانم لەم فیلمە لەبارەی دەسەلأتی حکومەتی بەعسی رووخاوەوەیە لەهەڵەبجەدا پێش کیمیباران بەتایبەتی لەسالانی هەشتاکاندا بەتایبەتی تر لە ٨٦ و٨٧ دا دەسەلأتێکی ڕەهای نەبووە، ئەودەسەلأتەشی هەیبوو زۆر لاوازبوو هەموو هەڵەبجە دەزانێ لەدوای نیوەڕۆوە بەدواوە ئیتر دەسەلأتی شار لەدەست حکومەتدا نەدەما لەدەست خەڵک و ڕێکخستن وپێشمەرگەدا بوو، هەربۆیە حکومەتی بەعس ئەو دەسەلأتە ڕەهایەی نەبوو، وەک ئەو دەسەلأتە ڕەهایەی بۆنموونە لەشاری سلیمانیدا هەیبوو لە ڕێگەی ملازمەکانی وەک ملازم موحسن مولازم عەلی هتد. تەنانەت خودی سەدام حسین هەموو شاروشارۆچکەیەکی عێراق گەڕا و سەردانی هەمویانی کرد، بەڵام نەیتوانی بێتە هەڵەبجە، چونکە دەیزانی شارێکە سەلامەت نابێ تیایدا کەچی لەم فیلمەدا دەردەکەوێ کەدەسەلأتی بەعس لەهەڵەبجەدا زۆر ڕەهایە، من لەودیمەنەدا ڕێک شاری سلێمانیم دەبینی، نەک هەڵەبجە. ڕێک دیمەنی لاسایی درامای گەردەلوول دەبینین لەم فیلمەدا کەپیاوانی ڕژێم بکوژو بگرو ببڕ هەرخۆیانن هەلهۆلە بەعس الصامد دەکەن.

لەشاری هەڵەبجەدا ملازم ئایاد هەبوو ئەم ملازمەو پیاوانی تری ڕژێم بێهێزترین دەسەلأتیان هەبوو، نەیاندەتوانی هەڵکوتنە سەر ماڵی خەڵکی یان بە مەفرەزە لەناو بازاڕو گەڕەکەکاندا بگەڕێن و، تەنانەت نەیاندەتوانی داوای هەویە لەخەڵک بکەن و خەڵک بگرن، ئەمەش لەباشی خۆیاندا نەبوو، بەڵکو لەترس ولە بێ دەسەلأتی و نەتوانیندا بوو، بەڵام جار جارە جاشە!! کوردە خۆفرۆشەکان هەڵیان دەکوتایە سەرماڵان وخەڵکیان دەگرت وخەڵکیان بەگرت دەدا دەبوو کاکی دەرهێنەر ئەم جاشانەی نمایش کردایە لەفیلمەکەیدا .

ڕەخنەیەکی ترم سەبارەت بە چالاکی و قڵیشانەوەیە لەهەڵەبجەدا کە بەبەراورد بە شاری سلێمانی زۆر کەم بوو ئەویش پەیوەندی بەو تایبەتمەندیەی هەڵەبجەوە بوو کەپێشتر ئاماژەم پێدا، کەڕژێم لەم شارەدا دەسەلأت وتوانای ڕەهای نەبوو، بەڵام لەم فیلمەدا دیسان کاکی دەرهێنەر دەکەوێتە هەڵەی مێژووی ودەسکاری ڕووداوەکان ومێژووی هەڵەبجە دەکات، بەجۆریک دەبینین چالاکی و قڵیشانەوە هەربەوێنەی سلێمانییە، لەمەشدا دیسان لاسایی دیمەنەکانی درامای گەردەلوول بەزەقی دەبینینەوە.

سیخوڕی کوردی ناوخۆیی لەهەڵەبجەدا زۆر کەم بوو ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەم خەڵکی هەڵەبجە بەگشتی دژی ڕژێمی بەعس بوون و ملیان بەسیاسەتەکانی نەدەدا دووەم هەرکەسێک ببوایەتە سیخورو پیاوی ڕژێم وخراپەکاری بکردایەو دەستی لەگەڵ ڕژێمدا تیکەڵ بکردایە لە زووترین کات و ماوەدا تۆڵەی لێدەکرایەوەو دەکوژرا، هەربۆیە ئەوەی بەتەماو نیازی سیخوڕی بوایە بۆ ڕژێم دەترساو ئەوکارەی نەدەکرد، چونکە سوور دەیزانی دەکوژرێ وتەمەنی درێژ نابێت.

هەربۆیە ڕاستە لەهەڵەبجەدا کوشتنی سیخوڕی ناوخۆیی هەبووە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کەکاکی دەرهێنەر لەم فیلمەدا نیشانمان دەدات، کەپێشمەرگە بادینیەکە دادەبەزێتە شارو تۆڵە لەسیخوڕێکی ناوخۆی دەکاتەوە بەجۆرێک سیخوڕەکە بەدوکانەکەیەوە دەیتەقێنیتەوە کەدیسان لەمەشدا کاکی دەرهێنەر کەوتۆتە هەڵەوە ودیسان دەستکاری مێژوو و ڕووداوەکانی کردوە، شتی وا لە هەڵەبجەدا ڕووی نەداوە، بەڵام دەرهێنەر بۆ ڕەواجدان بەدیمەنی فیلمەکەی ئەو زیادەڕۆییە گەورە دەکات، سیخوڕێک بەدوکانەکەیەوە دەتەقێنێتەوە.

لەم فیلمەدا کاکی دەرهێنەر ڕژێمی ئێران وسوپای پاسدارانمان وەک پاڵەوان وفریاد ڕەس نیشان دەدات لە گرتنی شاری هەڵەبجەدا، ئەمەش ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێ کەڕژێمی بەعس بێتاوانە بوە و هەق و مافی خۆیەتی و شەرعیەتی ئەوەی هەیە کەشاری هەڵەبجە کیمیاباران بکات، چونکە خەڵکەکەی و پێشمەرگە پاسداریان هێناوەتە شارەکەوە و هاوکاری ڕژێمی ئێران بوون لە گرتنی شارەکەدا .

ڕاستیەکەی ئەوەیە کەخەڵکی هەڵەبجە هیچ هاوکاری پاسدار نەبوون و پێشیان خۆش نەبووە و دژی هاتنی پاسداربوون بۆ هەڵەبجە، چونکە خەڵکی هەڵەبجە زۆر بەئاگاو هوشیاربوون، باش دەیانزانی و خەم وترسی خۆیان نەدەشاردەو دەیانزانی کەچارەنوسێکی خراپ چاوەڕوانیان دەکات. سوور دەیانزانی کەرژێمی بەعس کیمیایی بەکاردێنێ لە هەڵەبجەدا و تۆڵە دەکاتەوە و بێدەنگ نابێت و کاردانەوەیەکی زۆر خراپی دەبیت بەرامبەر بەداگیرکردنی هەڵەبجە لەلایەن ئێران و پێشمەرگەوە لە گرتنی هەڵەبجە، هەربۆیە خەڵکی شار داوایان لەپێشمەرگەو سوپای پاسدارانی ئێران کرد کە ڕژێمی بەعس بەدڵنیاییەوە کیمیایی بەکار دێنێ لەهەڵەبجەدا هەربۆیە داوایان کرد ڕێگەیاندەن شارەکە جێ هێڵن، تا گیانیان سەلامەتبێت. بەڵام وەڵامی پێشمەرگەو پاسدار زۆر ساردو لامسەلایە وسادەبوو وتیان هیچ نییە، خاولی وبەتانی تەڕ کەن وبچنە جیگای بەرز پارێزراو دەبن لەکیمیایی و ڕێگەیان لەخەڵک گرت و ڕێگەیان نەدا خەڵک شارەکە جێ هێڵێ و چۆڵ بکات، بەبیانوی پاکسازیکردن لەناوخەڵکی هەڵەبجەدا، بەوجۆرە خەڵکیان دایە دەست ئەو قەدەرە دۆزەخاوییە بەقسەی فریودەرانەی خاولی وبەتان وپەڕۆ تەڕکردن و پاکسازی ئەوخەڵکەیان لەشارەکەدا هێشتەوە لەناو ژەهروکیمیایدا خنکان وخۆشیان چ پێشمەرگەو چ پاسداران تێیان قوچان ویەک کەسیان کیمیایی بەرنەکەوت .

هەربۆیە نەسوپای پاسداران و نەپێشمەرگە کەسیان فریاد ڕەسی ئازادکردنی هەڵەبجە نەبوون، بەڵکو ئەوانیش وەک ڕژێمی بەعس بەشدارن وتاوانبارن لە خولڤاندن و ئەنجامدانی جینۆسایدو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا هەروەها ئەمەریکاو هەموو ئەو وڵاتە زلهێزانەی کەلەڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە جەکی کیمیاییان فرۆشتوە بەڕژێمی عێراق تاوانبارن لەم جینۆسایدەی هەڵەبجەدا، هەر بۆیە دیسان کاکی دەرهێنەر هەڵەیەکی گەورەی کردوە لەنیشاندانی پاسدارو پێشمەرگە وەک پاڵەوان و فریادڕەسی ئازادکردنی شاری هەڵەبجە، ئەمانە تاوانبارن نەک فریادڕەس. ڕاستە ڕژێمی بەعس تاوانباری سەرەکییە، بەڵام پێشمەرگەو پاسداریش تاوانبارن وبەشداری خولڤاندنی ئەوجینۆسایدەن.

یەکێک لەهەڵە مێژوویەکانی تری ئەم فیلمە نیشاندانی هەڵەبجەیە وەک ئەوەی شارەکە ئازادکرابێت بۆخەڵکەکەی لەدەست ڕژێمی بەعس، لەراستیدا شاری هەڵەبجە ئازاد نەکرا، بەڵکو داگیرکرا لەلایەن سوپای دەوڵەتی ئێرانەوە بەهاوکاری و سوورەی بەرلەشکری پێشمەرگەوە .

هەر بۆیە ئەوەی لەهەڵەبجەدا ڕوویدا داگیرکردن بوو، نەک ئازادکردن وەک کاکی دەرهێنەر لەڕێی حیوارێکی کوڕە پێشمەرگەکەوە کە لەگەڵ کچە عاشقەکەی دا دەدوێ و پێی دەڵێ ئەوە شارەکەشمان بۆئازادکردی کاتێک تۆ دەتوانی بڵێی شارەکە ئازاد کرا کەلەلایەن خەڵکەکەیەوە ئازادکرێت، وەک ئەوەی لەساڵی ١٩٨٧ خەڵکی شاری هەڵەبجە ڕاپەڕین و شارەکەیان ئازاد کرد، ئەوەبوو ڕژێم لەڕێگەی عەلی حەسەن مەجیدەوە بەسوپایەکی زۆرو لەڕێگەی فڕۆکەوە شارەکەی کۆنترۆڵ کردەوەو گەڕەکی کانی عاشقانی هەموو تەقاندەوە و تەختکرد، کەزیاد لە ٦٠٠ ماڵ بوو و چەندین لەخەڵکی بریندارو بێ تاوانی شاری زیندەبەچاڵ کرد وهتد. یەکێک لەهۆکارەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هۆکاری ئەم ڕاپەڕینەو ئیرادەی مل نەدان و تەسلیم نەبوونی خەڵکی شارەکە بوو بە سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس .

ڕەخنەیەکی ترم لەسەر شێوازی عەشق و ئەوینی پێشمەرگە بادینیەکەو کچە خوێندکارە هەڵەبجەیەکەیە دیارە هەڵەبجە شارێکی شارستانی و کراوە و مەدەنی وڕاقی وپێشکەوخوازبووە و ئازادی ومافی بەخشیبوە ژن بەجۆرێک لە هەڵەبجەدا نەدیاردەی ژن کوشتن هەبوو، نەدیاردەی ژن بەژن و گەورە بەبچووک وهتد. مێژووی ئەم شارە پڕە لەعەشق وئەوینی پاک وجاویدانی دەیان وسەدان کیژوکوڕی لاوی شار، من نازانم حیکمەت چییە لەوەدا کەکاکی دەرهێنەر دێت کوڕێکی بادینی دێنێ و چیرۆکێکی ئەوینی بۆ دروست دەکات لەگەڵ کیژیکی هەڵەبجەییدا، دەپرسم باشە چیرۆکی ئەوینەکە کچ وکوڕێکی هەڵەبجەیی بوونایە گونجاوتر نەدەبوو؟ ئەوەی ڕاستیە چەندە هەڵەبجە ئازادی بەخشیبوە ژنان، قەد نەگەیشتبوە ئەوڕادەیەی کوڕە عاشقێک بەشەو بچێتە بەردەم وناو ژووری خەوتنی کیژە ئەویندارەکەی وەک لەم فیلمەدا نمایش کرا، ئەمەش دروستکراوێکی تری دەرهێنەرە لەمێژووی ئەوشارەدا، ڕێک ئەم دیمەنە لاسایکردنەوەی فیلمی هیندی و میسرییە یان دەبینین ئەو کیژە عاشقە جل وبەرگ وڕوخساری هی ئەم سەردەمەیە، سەردەمی نەشتەرگەری جوانکاری وفیللەرو بۆتۆکس وهتد، نەک سەردەمی هەشتاکان کەجل وبەرگەکان زۆر سادە بوون و و ڕوخسارەکانیش سروشتی بوون دوور لەدەسکاری و نەشتەرگەری جوانکاری. دوای ئەوە ئەوکیژو کوڕە عاشقە بێ هیچ پێشینەیەک و بێ هیچ سەرنج وتێڕامان ونیگا گۆڕینەوەیەک یەکسەر عاشقی یەک دەبن یەکسەر کچە ملپێچەکەی ملی بەخێرای دەداتە پێشمەرگە بریندارەکە، بەجۆرێک وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆر یا پێشتر یەکیان ناسیبێت، ئیتر گوێ ناداتە ئەوەی ئایا ئەم کوڕە نەناسراوە جاشە یا پێشمەرگەیە، یاهەرشتێکی ترە. ئەمەش دیسان هەڵەیەکە کاکی دەرهێنەری تێکەوتوە، چونکە ئەو پێشتر خۆی لەسەر دروستبوونی ئەو ئەوینە خۆی یەکلای کردۆتەوە نە لە واقیع دا و نە لەهیچ فیلمێکدا نەماندیوە ئەوین بەو خێرایە بروسکە ئاسایە دروست بێت.

هەڵەی گەورەو سەرەکی کاکی دەرهێنەر لەم فیلمەدا ئەوەیە کەکاری لەسەر مێژوویەکی فرە ڕەهەند کردوە، دەرهێنەری فیلمی پیانۆ ژەن چەند بە جوانی وشارەزایی وزیرەکانە لەڕێگەی چیرۆکی گیتارژەنیکی جولەکەوە تەوزیفی هۆلۆکۆسمان بۆدەکات، ئەم دەرهێنەرەشمان واباشتربوو لە ڕێگەی چیرۆکێکی ناو کیمیابارانی هەڵەبجە تەوزیفی کیمیابارانەکەی بکردایە، نەک کۆی هەمو ڕووداو چیرۆک و مێژووی جینۆسایدەکە کە تیکەڵ وپێکەڵی کردووەو و ترشاندویەتی بەسەریەکدا، نەخۆی سەری لێ دەرئەکا نەبینەر. بەڕاستی ئەمە بۆخۆی فیلمێکە کاکی دەرهێنەر بەسەر خۆیا هێناوە.

یەکێک لەهەڵە مێژوویەکانی تر لەبینینی ڕۆڵ وکارکتەری عومەری خاوەر دایە کەلەواقیع دا عومەری خاوەر لەڕووی تەمەن و لەش ولارەوە زۆر جیاوازترە، لەوعومەری خاوەری نێوفیلمەکە. لەواقیعدا عومەری خاوەر گەنجترو بەگوڕترو باڵابەرزترو بەهەیکەلترو قەڵەوترو لەش ودەم وچاو پڕتر بوو لە عومەری خاوەری نێوفیلمەکە.

یەکێک لەهەڵەکانی تر لەفیلمەدا ئەوەیە کە کۆتایی هەڵەبجەو نەهامەتی خەڵکەکەی بە خوێندنەوەی نامەی پێشمەرگە عاشقەکە کۆتایی پێ دێ لەلایەن کیژە ئەویندارەکەیەوە، کەڕاستر وابوو کۆتایی فیلمەکە بەگیرسانەوەی خەڵکی هەڵەبجە لە ئۆردوگاکانی ئێراندا کۆتایی پێبهاتایە، چونکە لەفیلمەکەدا ئەوخەڵکە لەودۆزەخی جینۆسایدەدا ڕادەکەن وهەڵدێن و دیار نییە ڕوو لەکوێ دەکەن و بەرەوکوێ ڕەودەکەن، دەرهێنەر ئەمەی نیشان نەداوین .

ئەدەب وهونەر بەهەموو بەشەکانیەوە دەبێت هەڵگری پەیامیک بێت وکاریگەر وجێکەوتەبێت، هوشیاری بەخش بێت.لەم فیلمەدا نازانین پەیامی هونەرمەند چی یە وچیمان پێ دەڵێ؟"

ئەمیش وەک دەسەلأتدارانی ناسیونالیزمی کورد پەیامی ئەوەیە کەخەڵکی هەڵەبجە تاماوە هەر دەبێت هەست بکات کەئەو قوربانیە و ئەمە قەدری هەتاهەتاییەتی ودەبێ هەمیشە سایکۆلۆژیایەکی ڕووخاو ونائومێدی هەبێت وباوەش بکات بە مەرگ دۆستیتداو دڵی بۆ ژیان دۆستی لێ نەدا، هەمیشە لەپرسەو شین وگریان دا بێت، ئەی ئەوە نییە زۆرینەی ڕیکلامەکانی ئەم فیلمە بەردەوام نیشاندانی گریان وفرمێسکی بینەرەکانیەتی، بەڕاستی دەبوو ئەم فیلمە ناوی گریان بوایە. دیارە گریانی بینەرانیش بەڵگەی بەهێزی فیلمەکە نییە، گریانی بینەرانی فیلمەکە چەند هۆکارێکی هەیە یەکەم پەیوەندی بەسۆزو عاتیفەی سادقانەی خەڵکەوە هەیە، دووەم هەندێ لەوگریان وفرمێسکانە بۆ مجامەلە و خۆدەرخستنە، سێیەم هەندێ لەوگریان وفرمێسکانە بەداخەوە تیمساحی وڕیکلامین.

هەڵەبجە چیتر پێویستی بەکولانەوەو زیندوکردنەوەی زام و برینەکانی نییە، پێویستی بەگریان و شین و فرمێسک وپرسە نییە، بەڵکو پێویستی بەشادی وخۆشگوزەرانی و ژیاندۆستییە.

پێویستی بەئاوەدانکردنەوەی کەلاوەکانی ڕۆحی وسایکۆلۆژیای دارماوی خەڵکەکەیەتی، پێش ئاوەدانکردنەوەی کەلاوەکانی شار پێویستە ئیتر هەڵەبجە بکرێتە سیمبول و پیرۆزییەک لە یادگەی خەڵکی هەڵەبجەداو چیتر هەڵەبجە لەپرسەدا نەبێ و پرسە بشکێنرێ و کار بۆ بەجیهانی ناساندنی بکرێت و، خەڵکی هەڵەبجە شکۆو بەهای ئینسانی بۆ بگەڕێتەوە وەک مرۆڤی سەردەم بەهرمەندبێت لەمافە ئینسانی و مەدەنییەکانی دەبێت ووزەو هێزو ئیرادەو ئومێد بە ژیان ببخشرێتەوە بەخەڵکی هەڵەبجە. ئەم شارە بکرێتەوە بەشار، شارێک بەمانای سەردەمیانە شار دەبوو ئەم خاڵە بەهێزانە پەیامی ئەم فیلمە بوایە، نەک هێلأنەوەی خەڵکی هەڵەبجە لەناو زام وپرسە وخوین ونەهامەتی و نۆستۆلۆجیای مەرگ دۆستی جینۆسایدەکەدا بەبەردەوامی وهەتاهەتایی...

### ئەم فیلمە جۆرێکە لە بازرگانیکردن بەهەڵەبجەوە لەڕێگای سینەماوە...



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## مەسەلە عەمەلی و ئەمنییەتییەکان لە ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرەکاندا

### بەشی نۆهەم

ڕێکخستنی هەڵسوڕانی نهێنی و پاراستنی بەردەوامکاریی ڕێکخراوی نهێنیی حیزب لەنێو کرێکاراندا، لە هەلومەرجی داپڵۆسێنەرانەی ئێستادا (کە بۆ کۆمۆنیستەکان بە هەلومەرجی "ئاسایی" هەڵسووڕان دادەنرێت)، بۆ خۆی مەسەلەیەکی ئاڵۆز و وردە. جا ئەگەر بێتوو ئاژیتاتۆرەکان و ئەرکێک کە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ ئەم ڕێکخراوە زیاد بکەین، شتێکی ڕوونە، کە سەختی و دژواری کارەکە چەندین پلە زیاتر دەبێت. لێرەدا ئیتر لەگەڵ ڕێکخراوێک بەرەو ڕووین، کە بەشێک لە ئەندامەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا چالاکی دەنوێنن، جێگە کاری "ڕۆتینی" ئەوان کۆڕ و کۆمەڵە تا ڕادەیەک فراوانە کرێکارییەکان، کۆبوونەوە گشتییەکان، ڕیزی پێشەوەی مانگرتنەکان و نارەزایەتییەکانە. شتێکی بەڵگەنەویستە کە هاوڕێیانێکی ئاوا دەکەونە ژێر زەڕەبینی پۆلیسی سیاسییەوە. هەر جموجووڵێکی ئەوان بە وریاییەوە لە لایەن هێزە جاسووسی و سەرکوتگەرەکانی پۆلیسەوە دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە. لەم هەلومەرجەدا لاوازی و مەسەلەی جۆراوجۆرمان دێتە ڕێ. ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرەکان و لێکهەڵپێکانی هەڵسوڕانی نهێنی شانە حیزبییەکان لەگەڵ هەڵسوڕانی ئاشکرای حیزبی، کە بەگشتی لەدەوری تەوەرەی ئاژیتاتۆرەکان پێک دێت، پێویستی بەوپەڕی ئامادەیی، هۆشیاریی هەمیشەیی و پێش هەموو شتێکیش پێویستی بە یەک شێوەکاری ئوسوڵی و جێگرتووی کاری کۆمۆنیستی هەیە. ئەمەش لە حاڵەتێکدا کە ئێمە هەلومەرجێکمان لەپێش خۆ داناوە، کە تیایدا ئاژیتاتۆرەکان توخمی حیزبی و ئەندامی فەرمیی حیزبن، خاوەن ئەزموونن، شێوەکانی خەبات لەگەڵ پۆلیسی سیاسی و پاراستنی ئەمنییەتی و بەردەوامکاری ڕێکخراو فێربوون. لە پرۆسەی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرەکاندا، لەو جێگەیەدا کە ئاژیتاتۆرەکان هێشتا سەردەمی گوێزانەوەی پەیوەستبوون بە حیزبەوە دەبەنەسەر، کارەکە لەمەش دژوارتر دەبێت.

بۆ ئاسانکردنی باسەکە چاکتر وایە لە سەرەتاوە بچینە سەر گیروگرفت و ڕێگرەکانی هەمان حاڵەتی یەکەم، یانی حاڵەتێک کە قۆناغی ڕاکێشان تەواو بووە و ئاژیتاتۆر بووەتە بەشێک لە خودی ڕێکخراوی حیزب و دواتر بچینە سەر تایبەتمەندییەکان و گیروگرفتە تایبەتییەکانی سەردەمی گواستنەوە. چونکە بە تێگەیشتنی ڕاست لەم مەسەلەیە لە شکڵی کۆتایی خۆیدا، تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی پرۆسەیەک کە دەبێت بمان گەیەنێتە حاڵەتی کۆتایی، سادەتر دەبێتەوە. گیروگرفتەکان و نالەبارییەکانی کارەکەمان کامانەن؟

ئەلیف. پەیوەندیی ئاژیتاتۆر لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنیی حیزبیدا

لە ڕاستیدا ئەمە بنەمای هەموو مەسەلەکانی ترە و هەر کار و کاردانەوەیەک لە مەسەلەی فێربوون، گواستنەوەی تاقیکردنەوە، ڕێنماییکردن و کۆنترۆڵ، بەشداری ئاژیتاتۆر (وەک ئەندامی حیزب) لە ژیانی ڕێکخراو ... هتد. پێویستی بە پەیوەندییەکی ڕێکوپێک و پتەوی ئاژیتاتۆرەکان لەگەڵ شانە نهێنییەکاندا هەیە. چۆن دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە بە دروستی دابمەزرێت؟ چۆن شانەی حیزبی دەتوانێت لەگەڵ هاوڕێی ئاژیتاتۆردا، کە یەک ڕابەری عەمەلیی کرێکارانە، کەم تا زۆر وەک کەسێکی "ناڕازی"ی خەباتکار و تەنانەت "چەپڕەو" لەلایەن پۆلیسی سیاسییەوە ناسراوە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پەیوەندی هەبێت بێ ئەوەی، کە ئەمنییەتی ڕێکخراوەی نهێنی و ئاژیتاتۆر هەردووکیان بکەونە مەترسییەوە.

ب. ڕێنمایی ئاژیتاتۆر و کونترۆڵ و چاودێریکردنی کارەکان

کاری ڕۆتینیی ئاژیتاتۆر، تەبلیغ و ئارایشدانی کرێکارانە (جا ئیتر بۆ ئاکسیۆن، یان بۆ ڕێکخستنیان لە شکڵە جۆراوجۆرەکاندا بێت). ئەم کارە دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی لەژێر ڕابەرایەتی ڕێکخراوی نهێنیی حیزبیدا ئەنجام بدرێت. بەڵام چۆن؟ چۆن ڕێکخراوی نهێنی، هەڵسووڕانی کەسی عەلەنیکار لە کاتی ڕوودانی مانگرتن، ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی، وە یان لە کاتی هەڵگیرسانی نارەزایەتیی دیاریکراوی کرێکاراندا ڕابەرایەتیی دەکات؟ یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کاری موبەلیغێکی جەماوەری و ڕابەری عەمەلیی کرێکاران بریتییە لەوەی، کە لە ماوەیەکی کەمدا ناچاری بڕیاردانێکی زۆرە لە بەرامبەر مەسەلە گرنگەکاندا (بۆ نموونە، ئایا مانگرتن دەبێت بەردەوام بێت، ئایا بڕیاری خاوەنکار دەبێت قبووڵ بکرێت، ئایا دەبێت شێوەی تەبلیغی خۆی، کەمێک بگۆڕێ، ئایا ورەی کرێکارانی بە چاکی دەستنیشان کردووە ...). ئاژیتاتۆر لە هەلومەرجێکی ئاوادا پێویستی بە پرس و ڕا و ڕێنمایی هەیە. ڕێکخراوی نهێنی چۆن ئەم پێویستییە جێبەجێ دەکات؟ هەرچی مەودای سەرکوت توندتر بێتەوە، ئەم گیروگرفتە بە شێوەیەکی توندوتیژتر دەردەکەوێت.

ج. فێرکردنی سیاسی ڕێکوپێکی ئاژیتاتۆر

ئاژیتاتۆر دەبێت بە ئاسانی دەستی بە بڵاوکراوەکانی حیزب بگات. دەبێت بتوانێت کتێب و نامیلکەی پێویست بخوێنێتەوە. دەبێت بتوانێت لە دانیشتنە فێرکارییەکاندا بەشداری بکات. لە هەمان کاتدا وەکوو کەسێک کە دوژمن بەرامبەر بەو هەستیارە، دەبێت پەروەندەکەی پاک بێت. بەڵگەنامە و نووسین لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێت و لە ماڵەوەی دانەنێت، پەیوەندییە ڕێکخراوەیییەکانی قابیلی شوێن هەڵگرتن نەبن ... هتد. ئەم پێداویستییەی ئاژیتاتۆر چۆن دێتە دی؟

د. بەشداری ئاژیتاتۆر لە هەڵسووڕانی ناوخۆی حیزبیدا

ئاژیتاتۆر وەک ئەندامی حیزب دەبێت ڕاپۆرت بنێرێت، لە باسەکانی ناوخۆی حیزبدا بەشداری بکات، لە هەڵبژاردنە حیزبییەکاندا ڕای خۆی بدات، بیروڕای خۆی لەسەر بڕیارە بەکۆمەڵەکان بدات و دەیان کاری "نێوحیزبی" لەم چەشنە. چۆن دەتوانرێت ڕابەرێکی عەمەلی و ناسراو لە پەیوەندییەکی ئاوادا ڕابگرین بێ ئەوەی کە یەکەم، ئەمنییەتی ڕێکخراوی نهێنی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخرێتە بەر مەترسی و دووەم، ئاگاداری ئەو لە شوێنەکان و کەسەحیزبییەکان لە ڕادەیەکی پێویست واوەتر نەچێت و سێیەم، مەوقیعەتی خودی ئەو لە کاتی زەربەخواردنی کەسی تری ناو شانە، یان کەسانی ئاستێکی تری ڕێکخراو لاواز نەبێت و کارەکەشی نەوەستێت؟

ئەمانە کۆمەڵە پێویستییەکی بنەڕەتین، کە دەبێت بە جدی بهێنرێنەدی. دەتوانین چەند هۆکاری تر بخەینە سەر ئەمانە. ئاژیتاتۆر تەنانەت کاتێک پەیوەندییە حیزبییەکەی بە تەواوەتی شاراوە بمێنێتەوە، هەمیشە بە هۆی هەڵسووڕانی خۆیەوە وەک پێشڕەوی کرێکاران لە مەترسی سزادان، دەرکردن و گرتندایە. مەسەلەکانی ئەو وەک نان پەیداکەری خیزانێکی کرێکاری ئیتر مەسەلەی تایبەتی ئەو نییە، بەڵکوو یەک مەسەلەی حیزبییە. هەروەها لە کاتی دەرکەوتنی مەترسیی ئەمنییەتیدا، ئاژیتاتۆر دەبێت بشاردرێتەوە. فەراهەمکردنی ئیمکاناتی پێویست لەم مەیدانەشدا یەک ئەرکی ڕێکخراوی حیزبییە. وە مەسەلەی تری لەم چەشنە.

بەڵام وەڵام چییە؟ ئاشکرایە کە تاکە وەڵامێک سەربەخۆ لە کات و شوێن و هەلومەرجی تایبەتیی سیاسی و ئەمنییەتی هەر سەردەمە لە ئارادا نییە. دەتوانرێت سەردەمیکی وا بهێنرێتە بەرچاو، کە چڵەپۆپەی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەیە، ئاژیتاتۆر وەک ئەندامی حیزب، ڕابەری شووڕای کارگە، نوێنەری کرێکاران ... هتد. بێت و وەک هەر ئەندامێکی تری حیزبیش هاتوچۆی جێگا حیزبییەکان بکات، خۆی یەکسەر لە دانیشتنەکانی شانەی ڕێکخراوی خۆیدا بەشداری بکات، یان لایەنگریی خۆی بۆ حیزبی کۆمۆنیست بە فەرمی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و بۆ جەماوەری فراوانی کرێکاران ڕابگەیەنێت و لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا قسەکەری فەرمی بێت. بەڵام بە ڕاستی ئێمە لە قۆناغێکی تر داین، لەنێو سەرکوتی توند و کەموێنە لە مێژووی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە سەراسەری جیهاندا. لێرەدا دەبێت شێوەکار و میکانیزمی تایبەتی بەدەست بهێنین. باسەکەی ئێمەش ئەگەر بیەوێت ببێتە ڕێنماییەک بۆ شانەکانمان لە هەلومەرجی ئێستادا، دەبێت هەلومەرجی ئەمڕۆ بکاتە بنەما.

پێش ئەوەی بچینە سەر شێوازی تایبەتیی ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر و پەیوەندی و کار و کاردانەوەی بەرامبەریەکی ڕێکخراوی نهێنی لەگەڵ هاوڕێی عەلەنیکاری حیزب، دەبێت پەنجە بۆ چەند هۆکاری بنەڕەتی و گرنگ ڕابکێشین، کە هەر جۆرە ڕێکخستنێک دەبێت بە پشتبەستن پێیانەوە بێتە دی.

یەکەم، دەبێت پەنجە بۆ گرنگیی "پەیوەندییە سروشتییەکان" لەنێو کرێکاراندا ڕابکێشین. ئەمە شتێکە کە وردەبۆرژوازی بە "کەژاوەسازی" ناوی دەبات. بۆ ئێمە پەیوەندیی سروشتی، دۆستایەتی و ناسیاوی و هاتوچۆی سروشتی نێوان کرێکاران، شتێکی زۆر زیاترە لەمە. ئەمانە میکانیزمە واقیعییەکانی کار و کاردانەوەی نێوخۆی چینەکە بن، وە بەم مانایە بەشێکیشن لە میکانیزمە عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی ئێمە کۆمۆنیستەکان وەک بەشێک لە چینەکە. دەبێت گرنگی تەواو بەم پەیوەندییانە بدەین. کۆڕ و کۆمەڵە خانەوادەییەکان، دۆستایەتییەکان، پەیوەندیی کارکردن، ناسیاوەکانی گەڕەک... هتد. یەکێک لە بار و دۆخە واقیعییەکانی هەڵسووڕانی خودی خۆمانە، بە ڕادەیەک کە هەڵسوڕاوانی حیزب ئەم پەیوەندییانەی خۆیان پەرەپێ دابێت. لەم پەیوەندییانەدا جێگرتوو بن و خۆیان بوون بە کرێکارانێکی "کۆمەڵایەتی"، کە پەیوەندیی فراوانیان لەگەڵ هاوچینەکانی خۆیان هەیە، کاری ڕێکخستنی هەڵسووڕانی نهێنی و ئاشکرا هەردوو، بە شێوەیەکی ئاسانتر دەچنە پێشێ. دەتوانرێت زۆر لە پەیوەندییەکان، دەرسەکان، هەواڵهێنانەکان و ڕێنماییەکان لەنێو دڵی هەمان "پەیوەندییە سروشتییەکاندا" ببرێنە پێشەوە.

دووەم، مەسەلەی گەشەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی کرێکاران و زیادبوونی خۆشەویستیی گشتیی حیزب لەنێویاندایە. پێشتریش سەبارەت بە دەورەدانی شانە حیزبییەکان بە توێژێکی فراوان لە کرێکارانی هەواداری حیزب قسەمان کردووە، بەو ڕادەیەی کە خۆشەویستی بۆ حیزبی کۆمۆنیست، قسەکردن دەربارەی، پشتگیریکردن لێی تەنانەت بە قسەش، گوێگرتن لە ڕادیۆکەی، گەڕان بەدوای بڵاوکراوەکانیدا، لەنێو کرێکاراندا زیادی کردبێت، بە هەمان ڕادەش ڕێکخستنی تۆڕی بەڕاستی حیزبی، چ نهێنی و چ ئاشکرا ئاسانتر دەبێتەوە. بەو ڕادەیەی کە کرێکارانی ناڕازی زیاد بکەن، کرێکارانی ناڕازیی کۆمۆنیست دەبنە خاوەنی مەوقیعەتێکی عەمەلیی پتەوتر. بە ڕادەیەک کە هەر ناڕازییەک قسە بەپێی درووشمەکان و شێوازەکانی ئێمە بکات، ئاژیتاتۆری فەرمی و ڕێکخراوی حیزبی لە فراوانکردنی لایەنەکان و پتەوکردنی ئەمنییەتی هەڵسووڕانی خۆیدا سەرکەوتووتر دەبێت. بەم پێیە پتەوکردنی پەیوەندیی کاری نهێنی و ئاشکرا، پەیوەندیی شانەکان و ئاژیتاتۆرەکان خۆی تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە هەڵسووڕانی ڕۆتینی هاوڕێیانی ئێمە لە بڵاوکردنەوەی بڕواکان و سیاسەتەکانی حیزب و بردنە سەرەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی گشتیی کرێکاران بەستووە.

سێیەم، مەسەلەی ئامادەیی و لێهاتوویی سیاسیی ڕێکخراوەیی و عەمەلیی خودی شانەکانە بۆ ڕاکێشانی ڕابەرێکی عەمەلیی کرێکاری و بۆ ڕێکخستنی وەک یەک ئاژیتاتۆری حیزبی، کە هەمان ئەرکی ڕابەری بە شێوەی کۆمۆنیستی و لەژێر ئامانج و پێودانگ و دیسپلینی حیزبیدا ئەنجام دەدات، ڕێکخراوی نهێنیی ئێمە (لێرەدا مەبەستمان شانەکانە) دەبێت توانستی سەرەتایی بەدەست هێنابێت. هەموو شانەیەک توانای ئەم جۆرە ڕێکخستنەی نییە. شانە دەبێت لەڕووی سیاسییەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت و توانای تەرویجی باشی لەخۆدا چڕ کردبێتەوە و بە باشی ئاگای لە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و داواکارییەکانی کرێکاران بێت. شانە دەبێت تا ڕادەیەکی دیاریکراو لە مەسەلەی ڕێکخستنی ئەڵقە تەرویجییەکان، دابەشکردنی بڵاوکراوەکانی حیزب، فێرکردن و پەروەردەی کرێکاران و بە کورتی لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئەو ئەرکە ئاساییانەی کە لە نامیلکەی "ئەرکەکانی شانە حیزبییەکان"دا هاتووە بەرەو پێش چوو بێت، لەڕووی ئەمنییەتییەوە پەیوەندییەکانی خۆی بە تەواوی پتەو کردبێت و لەڕووی چەندایەتیی هێزەوە بە ڕادەیەکی پێویست گەشەی کردبێت. دابینکردنی پێداویستییەکان، پاراستنی پەیوەندی، ڕابەری و ڕێکخستنی ئاژیتاتۆر خۆی پێویستی بە تەرخانکردنی وزەیەکی زۆرە. شانە دەبێت ئەو تواناییەی هەبێت کە ئاژیتاتۆر لە خزمەتی حیزبدا هەڵسووڕاو بکات، نەوەک خۆی لەڕێگەی کۆمەڵە مەسەلەیەکەوە، کە لە لایەن ئاژیتاتۆرەوە بۆ ئەو دێتە پێش، قووت بدرێت و لە ئەنجامدانی ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆیشی بێتە دواوە... ڕۆشنە کە تەنانەت شانە لاوازەکانیش ناتوانن و نابێت سەبارەت بە ڕابەرانی عەمەلیی کرێکاری، کە لەدەوروبەری هەڵسووڕانی خۆیاندا لەگەڵ ئەوان لە پەیوەندیدان بێلایەن بن و گوێیان نەدەنێ. بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەستەیە لە کرێکاران و ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆتینیی حیزبی لە پەیوەند لەگەڵیاندا، تا ڕێکخستنی ئەوان وەک یەک موبەلیغی جەماوەریی حیزبی، ڕێگەیەکی دوور و درێژە. بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەمە ڕێگەیەکە، کە هەر شانەیەکی حیزبی لە بەردەوامیی هەوڵ و تەقەلای سەرکەوتووانەی خۆی لە ڕێکخستنی سەرەتایی خۆیدا، درەنگ یان زوو هەنگاوی تیا هەڵدێنێتەوە..

**مەنسور حیکمەت**

ماوەیتی

# جەنگەکان درێژەپێدەری سیاسەتی چەوسانەوەی ئابووری چینایەتین!!!



نووسینی: نەجمەدین فارس

ئەوەی کە لە ڕابردوودا گوزەراوەو، لەئێستادا دەگوزەرێت، جەنگەکان هەمووکات هۆکاری دەمەزەردکردنەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندی تایبەتی کۆمەڵێکی کەمی باڵادەست بوون، لە فۆرمە جیاوازەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی خێڵەکی و ئاینی و ئەرستۆکراتی و دیموکراسی وئۆلیگارشی ودیکتاتۆریەت و ئیمپراتۆرەکان بووە.

سەرەتای دابەشبوونی کۆمەڵگەی سەرەتایی بێچین و توێژ بۆ دووچین و دوو بەرژەوەندی جیاواز لەمێژوودا، سەرەتای دەستپێکردنی جەنگە جیاوازو جۆراوجۆرەکان بووە، بەشێواز و تەکنیکی جیاواز، لەپێناوی هەژموونگەرایی و بەرژەوەندپەرستی باڵادەستانی خێڵ وفۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵاتداریتی و دەوڵەت. دروستکردن وبەرپاکردنی جەنگەکان لە مێژوودا بۆ شاردنەوەو پەردەپۆشکردن و دوورخستنەوەی لەدەستدانی دەسەڵات و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی دەسەڵاتداران بووە، کە لە ئەنجامی جیاوازی چینایەتی و هەڵاوێردنی چینەکانی خوارەوە سروشتێکی ململانێی لەنێوانیاندادروستکردووە، و بەبەردەوامی لەململانێدابوون.

بەپێی سەردەمەکان جۆری چەک و تێچووی جەنگەکانی گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە. دواکەووتویی و پێشکەوتووی چەکەکان گۆڕانکاری بەسەر ڕێژەی کوشتاروو کاولکاریدا هێناوە. لەئەنجامدا جەنگەکان هۆکاریماڵوێرانی وخوێن ڕشتن وقات وقڕی بووەو دەبێت، بەهەرشێوەیەک بێت ئەوجەنگانە جەنگێکی نادادوەرانەو ناڕەوایە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، لەبەرئەوەی درێژەپێدەری هەمان هەلومەرجی ژیانە بەشێوەیەکی خراپتر. جەنگەکان لەڕێگەی بڕیادانی دەسەڵاتدارانی خێڵ و دەوڵەتەوە بەرپا بوون و هیچ لایەنێکی خوارەوەی کۆمەڵگەکان ڕەزامەندیان لەسەری نەبووەو دەرنەبڕیووە. بەرژەوەند پەرستانی دەسەڵات، بەبەرژەوەندی خۆیان جەنگەکانیان هەڵگیرساندووە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بۆ قازانجی خۆیان و هێشتنەوەی دەسەڵاتیان و کۆیلەکردنی دانیشتوانی کریگرتەی کارو سەرمایە نەبێت، ئەیانتوانی بە تێچووی جەنگەکانیان دڕیان بەهەژاری بدایە و قاتووقڕی وبرسێتی وکێشەناوخۆیەکانیان بنج بڕو و کۆتاییان پێ بهانیایە. دەرئەنجام جەنگ بۆ دەسەڵاتداران لە جیهاندا هۆکارە بۆ کۆیلەکردن و چەوساندنەوەی زیاتری بەشەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەو بەدەستهێنانی زیاتری دەسەڵات و بەرژەوەندییە بۆ دەسەڵاتداران. جەنگەکان بەشێکی گەورەی بازرگانی وقازانجە بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی چەک لەجیهاندا. بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی DWی ئەڵمانی لەساڵی ٢٠٢١ز یدا،بڕی چەکی سەربازی فرۆشراو لەبازاڕی جیهانیدا ٥٩٢ پێنج سەدو نەوەت ودوو ملیار دۆلار بووە، لەو بڕەش بەشی شێر بە کۆمپانیا ئەمریکیەکان بڕاوە کە زیاتر لە نیوەی ئەو بڕەی سەرەوەیە کە بایی ٢٩٩ دووسەد ونەوەت نۆ ملیار دۆلار بووەو بە وڵاتانی فرۆشتووە. ڕێژەی فرۆشتنەکانی چەک لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەوە بەم شیوەیە،٣،٢% دەوڵەتانی ئەوروپا،٢%ئیسرائیل، ١،٦% ئەڵمانیا،٦،٨% بەریتانیا، ١،٢% کۆریای باشوور، ٣% روسیا، ١،٥% یابان، ٤،٩% فەرەنسا،٢،٨% ئیتالیا،١٨% چین،٤% دەوڵەتانی تر،٥١% ئەمریکا.(١) ئەم دەسکەوتە بێشووماەرەی بەدەستهێنانی دۆلار چەکی جەنگی پێویستیان بە جەنگ وبەکارهێنانیانە، تا لەبازاڕەکانی جیهاندا ساغیان بکەنەوە. بازرگانی چەک پڕ قازانجترین بازرگانیە لەجیهاندا. لەبەرئەوە ڕوودانی جەنگەکان هۆکار دەبن بۆ بازاڕ گەرمی چەک. ڕوودانی جەنگەکان سروشتی سیستەمی بازاڕی سەرمایەدارین.

سیستەمی سەرمایەداری و بۆرژوازی لیبراڵی لەوکاتەوەی کە سەری لە ناو پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی دەرەبەگایەتیدا دەرهێناوە، لەپێناو سەقامگیرکردن و هێشتنەوەی دەسەڵات و فۆرم وشێوازی بەرهەمهێنان وبەڕێوەبردن و چاودێری کردنی کەڵەکەی سەرمایەو قازانج، لەمێژووی خۆیدا زۆرترین جەنگ و کوشتارگەی بەرپاکردووە لەچاو جەنگەکانی کە لەهەردوو سەردەمی فرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا ڕویانداوە. جەنگە دوورودرێژە داگیرکاریەکانی ئەوروپا وجەنگە ناوخۆییەکان و، دروستکردنی هاوپەیمانیە جیاوازەکان و هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگەکانی ناو قارە جیاوازەکان، هۆکاربوون بۆ کوژرانی سەدەهاملیۆن مرۆڤ، هەروەکو ئەو جەنگانەی کە یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان، پارسەکان، ئیسلام وخاچپەرستەکان بەرپایان کردووەو خەڵکیان بەناهەق کۆمەڵ کوژ کردووە، لەپێناوی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی دەسەڵاتداران و بەرژەوەندیدا ئەنجامیانداوە. هیچ جەنگێکی ناڕەوای دەوڵەتان و دەسەڵاتداران لەمێژوودا نەبووەتە هۆی باشترکردنی ژیانی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی، بێجگە لەوەی کە هۆکاربووە بۆ کوشتارو بێ ماف کردن و زیاتر هەژارکردن وبرسیکردنی زۆرترینی دانیشتوانەکەی و بەتایبەتتر کۆیلەی فرۆشیارانی هێزی کار پشکی شێری ئەو برسێتی و قاتووقڕیەی بەرکەوتووەو بەردەکەوێت.

ئەوجەنگانەی ئێستا لەناوچەکەو جیهاندا ڕوودەدەن، جەنگی تورکیا دژی کوردی دانیشتوی سوریا و تورکیا و جەنگی ڕوسیا دژی ئۆکرانیا و جەنگی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان وبەتایبەت تر دژی غەزەییەکان، جەنگێکی نەگریسی خوێناویەو بەرۆکی بە دانیشتوانەکانیان گرتووە، ناڕەوایەو مرۆڤێکی زۆری تیادا دەبێت بەقوربانی وسوتەمەنی، وە هیچ ئەندامێکی خێزانی دەسەڵاتداران و خۆیان تیاناچێت، بەڵکو دەبێتە زیاتری بەدەستهێنانی قازانج بۆ بازرگانانی جەنگ، و فرۆشتنی زیاتری چەک لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنیەوە. هەروەکو لەپێشتردا باسمان کرد، بە تێچووی ئەوجەنگانە ئەیان توانی چارەسەری هەژاری و برسیتی ونەداری و ئاوارەیی لە ناوخۆی وڵاتەکانیاندا بکردایە کە بەربینگی دانیشتوانەکەی گرتووە. بەشداری کردنی وڵاتانی جیهان و ناوچەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ و درێژەدان بەجەنگی ڕۆپۆشکراو بە بیروبڕوای جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بۆ درێژەدانە بەهەمان سیاسەتی خۆسەپێنانەی سەرمایەداری و لیبرالیزمە و درێژکردنەوەی سیستەمی ئابووریانە. بە پۆزشی هەڵگرانی و ڕوپۆشکراوی سیاسەتی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی ونەتەوەیی جیاواز برەو بەجەنگەکانیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەی مەزهەب و ئاینەکانیان لەمێژوو لە ساتەوەختی نوسرانیاندا و هەتائێستاش هۆکاری چەندین جۆری کۆیلەیەتی وجیاوازی جنسی و ڕەگەزی بەشێکی دیاری هەڵاوێردنی مرۆڤەکان بووەو بەرجەستەکردووەو برەوی پێداوەو هەڵینەوەشاندووەتەوە، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەیەوە برەوی پێداوە لەئێستادا، لەڕێگەی گەوجاندنیانەوە مرۆڤ گەلێکی بەدوای خۆیاندا هەڵخراندووەو وەکو کۆیلە خزمەتی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی خۆیانیان پێدەکەن، چ جای ئەوەی ئاسودەیان بکات.

لەجیاتی ئەوەی هەردوولایەنی بڕیاردەری جەنگی ئیسرائیل و فەلەستینیەکانی غەزە، چارەسەری هەژاری و ڕەشوڕوتی دانیشتوانەکانیان بکەن بەتێچووی جەنگەکانیان، جەنگیان بە قازانجی ماددی و هێشتنەوەیان لە دەسەڵاتدا بەکار دەهێنن و هێناوە. ئاماری ترسناکی هەژاری بەرۆکی بە دانیشتوانی جیهان گرتووە هیچ هەوڵێکیش بۆ چارەسەری نییە، بێجگە لە درۆوو دەلەسەی دەسەڵاتداران و ڕێکخراوە جیهانەکان نەبێت، کە خۆیان و سیستەمە ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسیەکەیان سەرچاوەی هەژاری و جەنگە خوێناویەکانن. هۆکار چییە جەنگ بەرپادەکەن و هەوڵنادەن هەژاری لەوڵاتەکانیاندا چارەسەربکەن؟؟ لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ڕێژەیەکی ترسناکی هەژاری و ڕەشوڕووتی بەرۆکی بە زیاتر لە ٦٥٠٠٠٠ شەس سەدو پەنجا هەزار خێزانی گرتووە( ٢) هەروەها دانیشتوانی غەزە ڕێژەی هەژاریەکی ڕەهای هەیە کە بە لە ٧٠% لەسەدا هەفتای دانیشتوانەکەی مەزەندە دەکرێت.(٣) لەگەڵ ئەوەشدا کۆیلە و بەکرێگیراوەکانی هەردوو دەسەڵات هەتکی کچ و کوڕانی یەکتر دەکەن، دەسەڵاتدارانیش زیاتر ئاگری جەنگەکەیانی پێخۆش دەکەن.

ئەمەش بۆ لایەنەکانی هاوکاری کەری وڵاتان بۆ هێزەکانی جەنگی ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکان، کە خۆی لەهەردوو دەوڵەتی ئەمریکاو چەند دەوڵەتێکی ئەوروپا و ئێراندا دەبینێتەوە. ئەمانیش ئەیان توانی چارەسەری هەژاری و کۆیلایەتی دانیشتوانەکەی خۆیان بکردایە. کە ڕێژەی هەژاری و کۆیلایەتی بەپێی ڕاپۆرتی بڕیاردەرێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، تیایدا هاتووە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هەژاری و کۆیلایەتی بەرۆکی بە ٤١ چل ویەک ملیۆن مرۆڤ گرتووەو لەژێر هێڵی هەژاریەوە دەژین و وە لەهەر سێ کەس لەوانەش یەک دانەیان منداڵە.(٤) ئەمەش لەپێناوی باڵادەستی و هەژموونکردنە بەسەر جیهاندا. هەروەها دانیشتوانی ئێرانیش بێبەش نین لەو هەژاری و کۆیلە کردنە جیاوازجیاوازانە، لەم وڵاتەدا ڕێژەی هەژاری ١/٣ یەک لەسەر سێی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت کە دەکاتە نزیکەی ٢٦،٦٠٠٠٠٠ بیست وشەش ملیۆن و شەش سەد هەزار کەس.(٥) لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی جیاخوازی ئاینی و مەزهەبی و ڕەگەزی فاشییانەی بێ هەوساری تیرۆریستیانە.

لەلایەکی تر دەوڵەتی تورکیاش وەکو سەگی هار بەچواردەوری خۆیدا ئەنەڕێنێت و پەلاماردەدات، بە ناوخۆی خۆیەوە ناوەستێت وڵاتانی دەووروبەری دەکاتە مەیدانی جەنگ وتیرۆرکردنی کەسانی سیاسی و نەیارانی. حاڵی ناوخۆی خۆی زۆر خراپ و پێشێلکاری زۆری دەوڵەتی هەیە دژ بە ئازادییەکان و زۆرێک لە ڕۆژنامەوان و نووسەر و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی سیخناخ و ڕاپێچی زیندانەکانی کردووە. ئەوە ئەگەر باسی هەژاری و کۆیلەکردنی بەشێک لە دانیشتوانەکانی بکەین ئەوا بەپێی پەیمانگای سەرژمێری حکومەتی تورکیا ١٤،٤% لەسەدا چواردە کۆما چواری دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاری و کۆیلایەتیدان.(٦) بەو حاڵەشەوە دالدەی تیرۆرو ڕەشەکوژی دەدات و پێشێلی هەموو مافێکی سەرەتایی مرۆڤ دەکات. لەجیاتی ئەوانە و تێچووی جەنگەکانی ناوخۆیی خۆی و دەرەوەکانی چارەسەری ژیانی هەژارەکانییان بکەن باشترنییە، ئەگەر جەنگەکانیان سەرچاوەی قازانجی ماددی سەرمایەو دەسەڵاتداریان نەبێت؟؟

دەرئەنجامی ئەوانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو هێزگەلانەی دەوڵەت و حیزبەکانی کەلەدەسەڵاتدان، جەنگ بووەتە سەرچاوەی قازانج و درێژەدان بەدەسەڵاتداریتیان، چ ئەو وڵاتانەی چەک دەفرۆشن و چ ئەوانەشی کە جەنگ دەکەن، لەسەر لاشەو خوێن و ئێسقانی هەژاران و نەدارانیان، بازرگانی و قازانج دەکەن و دەسەڵاتیان بەرقەرار دەکەنەوەو هەژموونی خۆیان زیاتر دەکەن و درێژە بە تەمەنی سیاسی وئابووری خویان دەدەن. کەواتە جەنگەکان درێژە پێدەری سیاسەت لیبراڵ و ئابووری چەوسانەوەی چینایەتین.

سەرچاوەکان:

1- حرب-أوكرانيا-ليست-كل- الأبناء-سارة -لشركات-صناعة-الأسلحة
www.dw.com/ar/a-63988700

-2تقرير-نسبة-الإسرائيليين- الذين- يعيشون
www.ar.timesofisrael.com

-3عام- الحصار-وتفاقم- الفقر-في-غزة
www.alaraby.com.uk/economy/2022

-4خبير الأمم المتحدة: فقراء أمريكا أصبحوا أكثر عوزا في عهد ترامب
www.reuters.com

5 www.iranintl.com/ar/202305316297.

- 6معهد-الإحصاء-معدل-الفقر-في-تركيا-لم -يتغ
www.zamanarabic.com/2023/05/08/



# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن

## نووسینی: بنار مستەفا

### بەشی یەکەم

**پێشەکی**

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ لە عێراق هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار هەلبژێردرا. تەنها کاندید، سەدام حسێن ١٠٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. حەوت ساڵ پێشتر لە هەڵبژاردنی هاوشێوەدا سەدام، کە ئەو کاتە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ لە تەختی دەسەڵات بوو، توانی ٩٩،٩٦٪ دەنگی "بەڵێ" بەدەست بهێنێت بۆ بەردەوامبوون لە پۆستی سەرکۆمار.

دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا هەڵبژاردن بە باشترین و گرنگترین ڕێگا هەژمار دەکەن، کە لە ڕێگەیەوە خەڵکی دەتوانن دیاری بکەن، چی کەس و لایەنێک یان هێڵی سیاسی بکەنە نوێنەری خۆیان، تا دەسەڵات بگرێتە دەست. لە جیهان و ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە شێوەیەک باس لە هەڵبژاردن دەکرێت، کە ڕەخنە هەڵناگرێت و تەنانەت ڕێگەنیشاندەرە بۆ تاوتێ و یەکلاکردنەوەی دەسەڵات و بابەتی تر، وەک تێڕوانین و جیهانبینی دانیشتوانانی ناوچەیەک بۆ خواستی دەسەڵاتی سیاسیان.

هەڵبژاردن بەردەوام بابەتێکی گەرمی میدیاکانە و بێ گرنگیدانی بەرچاو بەسەریاندا تێناپەڕێت. پێش هەڵبژاردنەکان دەزگاکانی ڕاگەیاندن چەندین بەرنامەی تایبەت ڕێکدەخەن و پێشبینی جۆراوجۆر دەهێننە ئاراوە، ڕۆژی هەڵبژاردن بە وردی ڕومالی بەڕێوەچوونی دەکەن و پاشانیش لەگەڵ چەندین کەسانی پسپۆڕ و شارەزا شێکاری بۆ ئەنجامەکانی دەکەن. هەروەها هەواڵی هەڵبژاردنی وڵاتانی تریش جێگەی بایەخی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە. زۆر ئاسایی لەمسەری جیهان دەتوانن هەواڵی ئەنجامی هەڵبژاردنی وڵاتانی ئەوسەری جیهان بڵاوبکەنەوە و تەنانەت بەرنامەی تایبەتیشی بۆ ڕێک بخەن. ڕەنگە دەیان و سەدان ڕووداوی تری هەمەجۆر لە هەمان وڵاتدا ڕووبدات، بەڵام میدیاکان کەمترین سەرنجیان بچێتە سەر.

لە ئەوروپا و ئەمریکا بە ئەنجامی هەڵبژاردن دەگوترێت "بڕیاری گەل" و "مافی تانەی نییە". واتە وەک بابەتێکی پیرۆز تەماشا دەکرێت. بۆ گۆڕینی دەسەڵات، لە سەرتاسەری جیهان بێ جیاکاری و دوودڵی هەڵبژاردن وەک تەنها ئامرازی گۆڕانکاری گونجاو پێناسە دەکرێت. تەواوی دەسەڵاتداران و لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن لەسەر ئەمە ساغن، بۆیە کەمترین پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ئیدعایە کراوە، کە بەڕاستی هەڵبژاردن چەنێک گۆڕانکاری بە کردەوە ئەنجام دەدات. ئەمە براوەیە و قسە کەم هەڵدەگرێت.

لە کوردستان و عێراقیش هەر جارێک لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنێک، هەوڵ دەدرێت فەزای کۆمەڵگە هاوتای فەزای هەڵبژاردن بکرێت و خەڵکی پێوە سەرقاڵ بکرێت. لایەنەکانی بەشداربوو هەڵمەتی فراوانیان دەکەنە بابەتی سەرەکی و هەرای بۆ ڕێک دەخەن. میدیاکان کات و جێگەی تایبەتی بۆ دەکەنەوە و بە زۆری وەک چارەنووسی ئایندەی کۆمەڵگە لە قەڵەمی دەدەن. "کاتی بەرنامەکانمان کەمی ماوە" کەمتر لە بەرنامەکانی پەیوەند بە هەڵبژاردن دەبیسترێت. لە هەمووی واوەتر، لایەنەکانی بەشداربوو و کاندیدەکان، گفت و بەڵێن دەبەخشنەوە بۆ دەورانی پاش هەڵبژاردن و گرتنە دەستی دەسەڵاتیان. هەڵبەت بەشێک لەم بەڵێنانە لە لایەن کەسان و لایەنانێک دەخرێنە ڕوو، کە خۆیان چەند دەهەیە لە دەسەڵاتدا بوون. هەڵبەت بە پێی کات فەزای هەڵبژاردن کەم بۆتەوە و کەمتر لە لایەن خەڵکییەوە پێشوازی لێ دەکرێت، بەڵام هەوڵەکە لە جێگەی خۆی باقییە.

لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەوە دەکرێت لە زۆر لایەنەوە قسەی لەسەر بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت. ئامانج لەم زنجیرە نووسینە لە بڵاوکراوەی بۆپێشەوە لەوەدایە، کە تاوتوێیی بەشێک لە لایەنەکانی هەڵبژاردن بکرێت، تا زیاتر سەرنج بچێتە سەرئەوەی بۆچی ئەم هەرایەی بۆ ڕێکدەخرێت؟ هەڵبژاردن چی دەگۆڕێت؟ بۆچی لایەنەکانی بەشداربوو داوا لە خەڵکی دەکەن بەشداری تێدا بکەن؟ و زۆر بابەتی تری تایبەت بە دەنگدان و هەڵبژاردنەکان. بە هیوای سەرئەنجام بە وەلامی چەند پرسیاری لە شکڵی "هەڵبژاردن دەکرێت چی بگۆڕێت؟"، "دەهێنێت پێشوازی لە هەڵبژاردنەکان بکەین؟" و "لە عێراق و کوردستان هەڵبژاردن چ بایەخێکیان هەیە؟"

**مێژوویەکی کورتی هەڵبژاردن**

هەڵبەت پرۆسەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەر یان نوێنەران لە ڕێگەی دەنگدانەوە، نوێ نییە و مێژوویەکی درێژی هەیە. لە سەدان و تەنانەت هەزاران ساڵدا گۆڕانکاری جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە و ئێستاش لە جیهان بە شێوەی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز ئەنجام دەدرێت. ڕێگە نەدراوە هەڵبژاردن پێگەی لاواز بێت و لە سیستەمی ئەمڕۆدا زۆر بە توندی دەستی پێوەگیراوە، ئەویش لە پێناوی بەرژەوەندی هەمووان و بەشداریکردنی دانیشتوان لە چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان لە قەڵەمدراوە.

مێژووی هەڵبژاردن لە بڕیاری سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا. دروست مێژووی یەکەم هەڵبژاردن نەتوانراوە دەستنیشان بکرێت، بەڵام ٥٠٠ ساڵ بەر لە ڕۆژمێری زاینی و لە ئەنتیکی یۆنان و بە تایبەتی لە ئەسینا دەنگدان ئەنجام دراوە بۆ هەندێک بڕیاری سیاسی و دەستنیشانکردنی فەرمانبەر. ٤٥٠ ساڵ بەر لە ڕۆژمێری زاینی لە ڕۆما بەهای دەنگ بە پێی جێگەوڕێگەی چینایەتی دیاری دەکرا و جۆرێک لە دەنگدانی تێکەڵ بە ڕێکخستنی سیاسی کرد.

لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمدا ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شارە گەورەکانی ئەوروپا پەرەی سەند. بۆ نموونە لە بەریتانیا لە سەدەی ١٣هەمەوە پەرلەمان بە دەنگدان هەڵبژێردراوە، بەڵام تەنها بەشێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە مافی دەنگدانیان بوو. بە گشتی ئەو چینەی لە خوارەوەی کۆمەڵگە بوو، تەواو بێ ماف بووە لە دەنگدان و هەر جۆرە کاریگەری دانانێکی تر. لە سەدەی ١٩هەمەوە دەنگدان بە ئەندازەیەک فراوان بووەوە بۆ چین و توێژەکانی تر، بەڵام هێشتا هەڵاواردنی بەرچاو مابوو، بۆنونە هەژاران و ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو.

بە درێژایی مێژووی هەڵبژاردن ژنان بێ ماف بوون تێیدا، تا ساڵی ١٨٩٣ لە نیوزلاند مافی دەنگدان درایە ژنانیش. لە ئەوروپا لە سەدەی ٢٠ ئەم مافە بۆ ژنان فەراهەم کرا، بۆ یەکەم جار لە فینلاند لە ساڵی ١٩٠٦. لە بەریتانیا لە ناوەڕاستی ١٩٢٠کان ئەم مافە بە ژنان درا و لە فەڕەنسا تا ناوەڕاستی ١٩٤٠ەکان ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو. لە وڵاتانی تری جیهان زۆر دواتر مافی دەنگدان بۆ ژنان دەستەبەربوو و لە هەندێک وڵاتدا تا دەیەی ڕابردوو ئەم مافە نەبوو. بۆ نمونە سعودیە ساڵی ١٩٤٥ مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی بۆ ژنان بە فەرمی ناسی.

سەربەخۆ لە جێگەوڕێگەی مافی دەنگدان و کاریگەرییەکەی، لە زۆرینەی زۆری وڵاتان، کاتێک مافی دەنگدان بە چین و توێژەکانی تر دراوە، بۆ نمونە ژنان، هەژاران، جوتیاران و هتد، خۆبەخشانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پێشکەش نەکران، بەڵکو لە ئەنجامی ململانێ و خەباتی فراوان و هەمەلایەن بەدی هاتن. لەسەر خەباتی ژنانی بەریتانیان لە پێناو مافی دەنگدان، فیلمێک بەرهەم هاتووە و تێیدا باس دەکات، کە چۆن تا سەد ساڵ بەر لە ئێستا، دەسەڵاتداران و سەرمایەداران بە توندی لە پێناو دەستگرتن بە بێ مافی ژنان لە دەنگدان دەوەستانەوە.

بە پێی ساڵ و لە جیهانی ئەمڕۆدا، هەڵبژاردن دیاردەیەکی باوە لە سەرتاسەری جیهان و مافی دەنگدان بۆ زۆرینەی هاوڵاتیانی سەرو ١٨ ساڵ فەراهەم کراوە، کە بە سیستەمی هەڵبژاردنی مۆدێرن لە قەڵەم دەدرێت. ئەمەش کورت دەکرێتەوە بۆ یەک وشە: دیموکراتی. بە کردەوەش وشەی دیموکراتی لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن هاوتا کراوە.

**دیموکراتی**

سەرچاوەی وشەی دیموکراتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنتیکی یۆنان و لە دوو وشە پێکهاتووە، دیمۆس بە مانای "گەل" و کراتۆس بە مانای "دەسەڵات" دێت. مانای وشە لێکدراوەکە بە واتای "دەسەڵاتی گەل" دێت.

لە جیهانی ئەمڕۆدا لە ئاستێکی بەریندا دیموکراتی وەک باشترین شێوەی فەرمانڕەوایی وێنا دەکرێت. پێچەوانەکەی بە "دیکتاتۆر" ناودەبرێت، کە ئاماژەیە بە دەسەڵاتی تاکڕەو لە لایەن یەک کەس یان یەک لایەنی سیاسی. لە زۆربەی جیهان سیستەمی دیموکراتی وەک بەهایەکی گەورە و گرنگ ناسێندراوە، کە ئازادی، یەکسانی و دادپەروەریش لەخۆ دەگرێت. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان بەهای دیموکراتی وەک ئامانجێکی سەرەکی چاولێدەکات لە کاروباری سیاسیدا. وڵاتان خۆیان بە دیموکراتی دەناسێنن و ڕایدەگەیەنن کە دیموکراتین و بەهاکانی پەیڕەو دەکەن. تەنانەت وڵاتانێک وەک کۆریای باکور، کۆنگۆ، لاوس، جەزائیر، ئەسیوبیا و سۆماڵ وشەی دیموکراتیان بۆ ناوی فەرمی وڵاتەکەیان زیاد کردووە. بۆ نمونە کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ و کۆماری یەکێتی ئەسیوبیای دیموکرات. زۆر حزب و لایەنی سیاسیش لە جیهان هەڵگری ناوی دیموکراتین. ئاشناترینیان ڕەنگە پارتی دیموکراتی ئەمریکا بێت، کە بە دیموکراتەکان دەناسرێن. لە کوردستانیش ناوە فەرمییەکەی پارتی بریتییە لە پارتی دیموکراتی کوردستان. ڕێژەیەکی بەرچاو لە لایەنە سیاسییەکانی جیهان و کوردستان ڕایانگەیاندووە، کە هەم خۆیان دیموکراتن و هەم ئامانجیان دیموکراتییە بۆ کۆمەڵگە.

لەسەر دیموکراتی و چۆنیەتی پیادەکردنی وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان تێڕوانینی جیاواز و دژ بەیەک هەیە. بۆ نمونە زۆرێک لە وڵاتان بە دیموکراتی لە قەڵەم نادرێت و هەندێک بڕیاری سیاسیش بە نادیموکراتیانە ناودەبرێن. بە گشتی دیموکراتی بنەمایەکی سیاسی بۆ دیاریکراوە، کە ئاماژەیە بە دەسەڵاتی خەڵک و کۆمەڵێک بابەت لە خۆ دەگرێت، وەک: هەڵبژاردن و مافی دەنگدان، نوێنەرایەتی کردن، فرە حزبی، دەوڵەتی یاسا، ماف و ئازادی سەرەتایی، شەفافیەت، بەشداری و دانی مافی کەمایەتییەکان.

هەڵبەت لەسەر تێگەشتن و پیادەکردنی ئەم چەمکانە لێکدانەوە و پەیڕەویکردنی جیاواز هەیە. بۆیە دەگوترێت، کە دیموکراتی جێگیر نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە بەردەوام گەشە دەکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە جیهانی ئەمڕۆدا دانانی سندوقەکانی دەنگدان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە پلەی یەکەم بۆتە پێناسەی سەرەکی دیموکراتی. لە زۆر جێگەدا ڕەنگە ئەو بابەتانە بە کەموکورتی ببینیت یان هەر نەبینیت، بەڵام هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن و لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتداران وەک نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی و شەرعیەت پێدراو لە قەڵەم دەدرێن. لە یەک ڕستەدا: واتە خەڵکی دەسەڵاتداری بە دەسەڵات گەیاندووە.

سەردەمی دەسەڵاتداریێتی حکومەتی بەعس لە عێراق، بچووکترین ماف و ئازادی بوونی نەبوو، بەڵام سەدام حسێن پێویستی بەوە بوو هەڵبژاردن ئەنجام بدات، خەڵکی بێنێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و سیناریۆی دەستنیشانکردنی سەرکۆمار بەڕێ بخات. تا سەرکۆمار پەنجەمۆری دانیشتوانی وڵاتەکەی وەرگرێت، کە "دەخوازن" ببێتە سەرۆکیان. لە کاتێکدا نەک بۆ هەموو دانیشتوانانی عێراق، بەڵکو لە هەموو جیهان پێش خستنەخوارەوەی یەکەم دەنگ بۆ سندوقەکان، ئاشکرا بوو کێ وەک سەرۆک هەڵدەبژێردرێت و چ بەرنامەیەکی سیاسی پیادە دەکات.

هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا نمونەیەکە لە هەڵبژاردن. ڕەنگە خراپترین نمونەی دیارکردنی نوێنەر بێت. لە هەمان کاتدا باشترین نمونەی هەڵبژاردن بێت، کە دەکرێت تەنها سیناریۆ بێت. بەڵام لە ئەوروپا، ئەمریکا و زۆر وڵاتی تر بەم جۆرە نییە. بۆ نمونە ساڵی ٢٠٢٤ لە ئەمریکا هەڵبژاردنی سەرکۆمارە و بەڕاستی دیار نییە، کێ دەبێتە سەرۆک. دەکرێت بایدن بەردەوام بێت، دەکرێت ترامپ بگەڕێتەوە، یان کەسێکی تر ببێتە سەرۆکی نوێی ئەمریکا. واتە هەموو هەڵبژاردنێک سیناریۆ نییە و دەکرێت تا ژماردنی دوایین دەنگ یەکلایی نەبووبێتەوە، کە کێ هەڵدەبژێردرێت. لە زۆر وڵاتی تریشدا، ئەنجامی هەڵبژاردن بۆتە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بۆ نمونە لە کۆمەڵێک پارتەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

بە کردەوە هەڵبژاردن و ئەنجامەکەی دەتوانێت چی بگۆڕێت؟ چەنێک دەسەڵاتداری هەڵبژێردراو بە واقعی نوێنەرایەتی خەڵکی دەکات؟ لە پەیوەند بە بابەتی دەنگدان و هەڵبژاردن، پێویستە چی تر لە بەرچاو بگیرێت. لە بەشەکانی تری ئەم زنجیرە نووسینەدا وەڵام دەدەینەوە. هەروەها فراوانتر ئاماژە بە هەڵبژاردن لە وڵاتانی پێشکەوتوو و باشترین نمونەکان دەکەین، و دووبارە لەسەر هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستانی پاش ڕوخانی حکومەتی بەعسیش دەکەین...

**(ماویەتی)**

## دریژەی...چەردەیەک لە بارەی فێمینیزم و جۆرەکانی

ئاڵوگۆڕی دۆخی ئێستا بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگەیەکی یەکسان، دەبێت خەباتێکی هاوکات لەدژی سیستمی پیاوسالاری و سەرمایەداری لەئارادا بێت.

بەمشێوە گەشەی کردەوەو ناوەندی خەبات لەڕوانگەی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان تەنیا بەکارخانەکان نابەسرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی ناوەندە گشتی و تایبەتیەکان، کە ژنان تێیدا بەرەوڕووی هەڵاواردن دەبن، شوێنێکە بۆ خەباتو تێکۆشان. لەڕاستیدا شێوە کردەوەی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان شێوەیەکی چەند لایەنەیە.

**فێمێنیستی ڕەش.**

ستارتی مەسەلەی خستنە ژێر پرسیاری چەمکی ژن لەفێمێنیسم لەخەباتی ژنانی ڕەش پێست، لەمەڕ لابردنی ستەم لەسەر کەسایەتی ژن لێدرا. ڕەوتی فێمێنیسمی ڕەش لەدرێژەی خەباتی دەیەکانی 50و 60ی ڕەش پێستەکانی ئەمریکا و لەنزیک شەپۆلی دووهەمی خەباتەکانی دژی ئاپارتاید تیۆریزە کرا، کە لەکەسایەتیە گەورەکانی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە "بێل هۆکس" بکەین.

لەڕاستیدا فێمێنیستە ڕەشەکان مەسەلەی ئەوەی کە هەموو ژنان بەهۆی ژن بوونیان لەبەرەیەکدان ڕەتدەکاتەوەو دەیخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەرهەمی کارەساتباری خەباتی فێمێنیستەکانی پێشوو (کە زۆربەیان سپی پێستو بۆرژوا بوون)و ناتەبایەکانی ئێستا لەڕاستیدا توێژینەوەیەکی بەهێزە بۆ پێویستی پێداچوونەوە.

بۆ وێنە بنەماڵە، کە یەکێک لەناوەندەکانی جێ ڕەخنەی فێمێنیستەکان بەتایبەت فێمێنیستە رادیکاڵەکان بوو، بۆ ژنانی ڕەش پێست ناوەندێک بوو کە لەناویدا لەبەرابەر شێوەکانی دیکەی سەرکوت بەرگری دەکردو هەوڵی فێمێنیستەکانی ئەو سەردەم، بۆ لاوازکردنی ئەوان، دەیتوانی بەرابەری دووبارە چەوسانەوەی ژنانی ڕەش پێس بێت.

لە ڕاستیدا فێمێنیستە ڕەشەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون، کە ئەم ڕوانگە دەبێت لەنێو فێمێنیستەکان تیۆریزە بکرێتو دواتر لەبنەڕەتدا ئەم بۆچوونەش بدەنە بەر ڕەخنە.

بیرۆکەی ئەم ڕەوتەی فێمێنیستە ڕەشانە لەنێو دڵی خوێندنەوەی فێمێنیستە رادیکاڵەکانەوە هەڵدەقوڵا کە خۆی بڕوای بەناوەرۆکی دوو لایەنەی سەرکوتی چینایەتی - جنسیەتی بوو، ئەویش فێمێنیستە ڕەشەکان بەتەواویش فێمێنیستە ڕەشەکان بەتەئکیدکردنێکی زۆر جنسیەتیان وەک یەکێک لەگەورەترین هێماکانی سەرکوت پێناسە دەکرد.

**پەسا فێمێنیسم.**

باشتر وایە ئاماژەیەک بە پەسا فێمێنیستەکان بکەین. پەسا فێمێنیستەکان وەکوو فێمێنیستەکان پۆست مۆدێرن پەنجە لەسەر مانای گشتی ژن دادەنێن، تەنیا بەو جیاوازییەی، کە باسەکانی ئەوان تەنیا ڕەخنە نییە، بەڵکوو ئەم تەئکیدکردنە ئاماژە بەمانای گشتی ژن، نەک تەنیا هەڵە بەڵکو کارەساتبار دەزاننو لەسەر ئەو باوەڕەن کەبەپێناسەکردنی فێمێنیسم، خۆی بنەمای یەکەمی ستەم لەسەر بەشێک لەکۆمەڵگە کە ئیددعای بەرگریکردنیان دەکەین دانراوە.

واتە جیاکردنەوەی مانای ژنو پیاو. بە گوێرەی ئەم لێکدانەوە پەسا فێمێنیستەکان خۆیان بەشێوەی ئاشکرا پێداگری لەسەر دژایەتیکردنی فێمێنیسم دەکەن.

لەکۆتاییدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەک بەڕوانگەی "کوئیر" بکەین کە ئیددعای توێژبوونی جنسیەت دەکات.

ئەم ڕوانگە لەسەر جۆرەکانی لەشو دەروون وەک، لەشی ژنانەو دەروونی پیاوانە، یان لەشی پیاوانەو دەروونی ژنانە دەدوێتو تەئکید لەسەر ئەوە دەکات هاوکات دەکرێت بڵێین، تێکەڵێکە لەفێمێنیستی دەروونناسانە و گوتاری پەسا فێمێنیسم.

لەم بەکارهێنانە پەسا فێمێنیسم کۆمەڵگەیەک وێنا دەکات، بەئاستی بەرابەری جینسیەتی گەیشتووەو کۆمەڵێکی دیکە ئیددعای ئەوە دەکەن کە ئەوان لانیکەم لەنێو کۆمەڵگە بەمجۆرەنو خۆیان وا دەبیننەوە...

دیارە بەجیا لە فیمینیزمی مارکسیستی، دەکرێ بڵێین زوبەی زۆری لق و بەشەکانی تری فیمینزم، دەیانەوێت خۆیان لەو ڕاستیە بدزنەوە کە ریشەی ستەم بیمافی ژنان، پەیوەندی بە نیزامی چینایەتی و لەم سەردەمەشدا ریشەی لە سەرمایەداری هاوچەرخدایە.

## درێژەی .... دوا وتە

ڕووبەڕوو لەگەڵ لایەنی سیاسی تر بوون، ئەمە بۆتە ڕێگر لەوەی بتوانن وەکو بەعس، هەمان ڕەفتار و مامەڵە بەرەو پیش ببەن. بەڵام ئەوە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت، کە هەموو ئەو لایەنانە هەڵگری مامەڵەیەکی جیاواز لەبەعس لەگەڵ کەرکوک و ناوچە کیشە لەسەرەکان نەبوون. دەسەڵاتی ناسونالیزمی کورد، کەبەدوای روخاندنی بەعسەوە هەژموونیان بەسەر کەرکوکدا هەبوو، نەک هەر مامەڵەیەکی یەکسان و لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون لەگەڵ خەڵکی کەرکوک نەکرد، بەڵکو ئاستی مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی کورد زمانیش تا رادەی ڕەفتاری حزبی هێنایە خوارەو و نەک نەیان توانی ماف و داخوازی هاوڵاتیانی عەرەب و تورکمان و...تاد، بەفەرمی بناسن، بەڵکو خەڵکی کورد زمانیانیشیان دابەشی ململانێی حزبی و سەوزو زەرد کرد و "قودس و دڵی کوردستانیان"!!، کردە گۆرەپانیی ململانێییەکی دواکەوتوانە و شارێکی نائارام و قوڵکردنەوەی ناسنامەی قەومی و سەرچاوەیەک بۆ تالانی و دزی و زاڵکردنی کەشی میلتاریزە بەسەر هاوڵاتیان و شاری کەرکوکدا، بەم شیوە شکستخواردووترین ئەلگۆی دەسەڵاتدارێتی بزوتنەوەی کوردایەتیان، لە کەرکوکدا نمایش کرد و نەک هیچ هاوڵاتیەکی عەرەب و تورکمان، بەڵکو هیچ هاوڵاتیەکی کورد زمانیش رازی بەو دەسەڵاتە حزبی و میلیشاییە نەبوو. ئاسایشی هیچ کەسێک لەژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا زامن نەبوو، خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی نەبوونی و سیاسەتی هەڵاوێرد ئامیز، زاڵ بوو. تەنانەت کاتیک داعش هێرشی کردە سەر کەرکوک، پارتی و یەکێتی توانای بەرگریان نەبوو، بۆیە ئەوەی ڕیگەی لە هێرشی داعش گرت و پلانەکانی تیکشکاند لاوان و خەڵکی کەرکوک خۆیان بوون. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش، و کاتێک هێزەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بەرەو کەرکوک گەرانەوە دوبارە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نەک هیچ بەرگریەکیان نەکرد، بەڵکو تێکشکان و باڵێکی یەکیتیش هاوکاری ئەو تێکشکاندنە بوون. لەو کاتەشەوە کە پارتی و یەکێتی لە کەرکوک دەرکران و دەسەڵاتیان لەدەست دەرهات، ئەمجارە دەسەڵاتی ناوەند کە شیعەی سیاسی تیایدا باڵادەستە ئەلگۆیەکی باشتر لەوەی پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتیان نیشان نەداو بوونە درێژە پێدەری جیاکاری و دوبارە ریگەخۆش کردن بۆ سیاسەتی تەعریب و پەراوێزخستنی خەڵکی کورد زمان و تورکمان و عەرەبی سونە!!...تاد.

بەم جۆرە چ ناسیونالیزمی کورد و چ ناسیونالیزمی عەرب و شیعەی سیاسی، لەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعسەوە کەرکوکیان کردۆتە مەیدانێک بۆ ئەزموونی پڕ نەنگینی دەسەڵاتیان و خستنە رووی جیاکاری و دنەدانی قەومی و هەوڵ خستنە گەڕ بۆ درزخستنە ناو هاوڵاتیانی شاری کەرکوک.

ئێستا کە جاڕی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لێدراوەو بریارە ١٨ ی ئەم مانگە هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت، هەر کام لەو لایەنانەی بەشدار بوون لەوەی کەرکوک گیرۆدەی دەیان کیشەی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزاری بکەن و جیاکاری دریژە پێبدەن و مافی هاوڵاتی بوون بکەنە قوربانی ئامانجە حزبی و تاڵانچیتیەکانیان، جاریکی تر دەیانەوێت بە پۆشینی بەرگی فریشتە ئاسا، روخساری دێوئاسای داهاتوویان بشارنەوە و خەڵکی راپیچی دەنگدان بە خۆیان بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش هەر لایەکیان بەپارەی دزراو قوتی هاوڵاتیان و دەسەڵاتی تاڵانچێتیان، ماشێنیکی گەورەی راگەیاندنیان وەرێخستووە و بەڵێنی قەبە قەبە بە هاوڵاتیان دەدەن و وەکو خەمخۆری کەرکوکیەکان و گیرانەوەی ئارامی و خۆشگوزەرانی خۆیان نمایش دەکەن...

ئەوەی لەم نێوەدا جێگای گاڵتەجارییە، درۆ و فریوکاریەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی" پارتی و یەکێتی" یە. پارتی و یەکێتی کە زیاتر لە دەهەیەک دەسەڵاتی یەکەمی شاری کەرکوک بوون و کەس دەستی نەگرتبوون و ریگرییەک لەبەردەمیان نەبوو تا فەرمانرەوایەکی هاوبەش و یەکسان و تەندروست و بێ جیاکاری و پڕ خزمەتگوزاری پیشکەش بە کەرکوک و ناوچەکانی بکەن، کەچی بەپێچەوانەوە بوونە سەرچاوەی نائارامی و پەرەدان بەدزی و تاڵانی و تیرۆر و جیاکاری و لوشدانی داهاتی خزمەتگوازارییەکان و گواستنەوەی ململانێی حزبیان بۆ ناو شاری کەرکوک و قوتکردنەوە و بەهیزکردنی دوو دەزگای ئاسایش و دوو دەزگای پۆلیس و دوو دەزگای ئەمنی و دوو هیزی پێشمەرگە و دوو دەسەلات و دابەشکارییەکی ئاشکرای حزبی، کەچی ئێستا باسی خزمەتی کەرکوکیەکان و عەرەب و تورکمان و زوڵم لێکراوانی کورد دەکەن!!... سەیر ئەوەیە پارتی و یەکێتی دوای ئەوەی دەسەڵاتیان لەدەست دەرهێنراوە، دەیانەوێت لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان بگێرنەوە، کە دیارە ئەوە لە وەهم زیاتر نییە. جیا لەوانە پارتی و یەکێتی لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی... کەکەس دەستی نەگرتوون و ریگرییەکیان نییە، موچەی موچەخۆران نادەن، خزمەتگوازرییەکانیان نابود کردووە، ئاو و کارەبا نییە، دزی و تاڵانیان بێداد دەکات، چەند مانگە مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ لەسەر جادەن بۆ خواستی موچە و ئامادەنین وەڵامیان بدەنەوە، کەچی بەو بێ دەسەڵاتیەیان لە کەرکوکدا بەڵێن بەخەڵکەکەی و ناوچەکانی دەدەن، کە خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیان بۆ فەراهەم بکەن و ئارامی و ئاسایش و پیکەوە ژیان بۆ خەڵکی کەرکوک بکەنە دیاری. چ دوو ڕووی و داماڵراویەکن لەهەموو مۆراڵێکی سیاسی.

خەڵکی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری کە بەکردەوە قوربانی دەستی سەرجەم هیزە بۆرژوازییەکانی عیراق و کوردستان و دەسەڵاتی ئەزموونکراو و شکستخواردووی ئەوانن، نەک نابێ خۆشباوەر بە فریوکاری و بانگەشە پوچەکانیان ببن، بەڵکو دەبێ یەک ریز و هاوچارەنووس، دەست بخەنە ناو دەستی یەکتری و هەڵبژاردنە پوچەکەیان، بە بەشداری نەکردن و بایکۆتی بەبەرنامە بەشکست بکێشن و نەخشەی دوورخستنەوەی سەرجەم بارەگا و هێزی چەکداریان لەشارەکان دابریژن و خۆیان لە ئاستی گەرەک و شوێنەکانی کاردا، هەڵبژاردنی لەخوارەوە و لە کۆبونەوەی گشتیدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی قەومی و دینی... وەڕێبخەن و کەسانی دڵسۆز و جێگا متمانەی خۆیان هەڵبژێرن بۆ بەڕێوەبردنی گەرەک و کارگەو ناوەندەکان و سەرجەم شاری کەرکوک، واتە لە ئاستی محەلی و سەراسەیدا نوێنەرانی هەڵبژێردراو جیگای دەسەڵاتی ئێستا بگرنەوە.

**ناوەراستی دیسەمبەری ٢٠٢٣**

## لە بۆپێشەوەوە

**بە ئاگادارێتان دەگەیەنین، کە بەهۆی پشووەکانی سەری ساڵەوە، بۆپێشەوە لە 1-1-2024 دەرناچێت و ژمارەی داهاتوو دەکەوێتە... بەرواری 15-1-2024**

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەرواری 13-1-2024 ،بەڵام سایتی بۆپێشەوە، بەردەوام دەبێت...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
نەجمەدین فارس، ڕێبوار حەمە شەریف، سەردار عەبدوڵا حەمە، ئازاد مەجید، هاوژین ڕەشید، هەتاو عەبدوڵاهی، وریای ڕەسام، عامر سابیر، نەجم محەمەد، کاوان قادر،، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، بنار مستەفا، چیا ئەسعەد...

## دوا وتە

# کەرکوك و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا!

**عەبدوڵا مەحمود**

وا بریارە ١٨ ئەم مانگە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگاکانی عێراق بەڕێوە بچێت... لەناو ئەم هەڵبژاردنەدا پێگەی کەرکوک جێگای سەرنج و مەیدانێکی ململانێی حزب و لایەنە سیاسیەکان و گۆرەپانێکی کراوەیە بۆ بەخشینەوەی شەپۆلێک لە بەڵێنی ساختە و دەمەزەردکردنەوەی درۆ و فریوکاری.

شاری کەرکوک کە لەلایەن بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و حزب و لایەنەکانیانەوە، چەندین ناسنامەی پێبەخشراوە لەوانە "کەرکوک شارێکی عەرەبییە، کەرکوک شارێکی تورکمانییە، کەرکوک شارێکی کوردستانییە، کەرکوک قودسی کوردستانە، کەرکوک دڵی کوردستانە" دیارە لەناو ئەو ناسنامانەدا، جاروبار دروشمی کەرکوک بچوککراوەی عێراقە، کەرکوک شاری کەرکوکیەکانە... وەکو فریوکارییەک بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە ناسنامە قەومییەکان، بەکاردەهێنرێت. هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە، کە ئەو دروشمانەیان بەدەستەوە گرتووە، بەپێی هەمان ئەو ناسنامانە کەرکوکیان لە هاوڵاتیان سەندۆتەوە و هەوڵیان ئەوە بووە دروشمی خۆیان بدەن لەناوچەوانی شاری کەرکوک و ناسنامەی هاوڵاتی بوونی لە دانیشتوانی کەرکوک بسەنەوە. لەوەش زیاتر کاریان لەسەر دنەدان، درز دروستکردن، لێکدابران، دژایەتی دروستکردن، لەناو دانیشتوانی کەرکوکدا کردووە بە پیشە، ئاکامی ئەم مامەڵەیە کەرکوکی کردۆتە گەورەترین قوربانی لە ئاستی عیراقدا. هاوکات کەرکوک بۆتە سەنتێزی ململانێی نێوان بزوتنەوەی ناسیونایستی عەرەب و کورد و تورکمان و جەنگی دەسەلات و قەڵەمرەوی سیاسی.

بەدیاریکراوی لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەعسەوە، هەموو حزب و بزوتنەوە سیاسییە بۆرژوازییەکان، هەوڵیان ئەوە بوو وەکو بەعس مامەڵە لەگەڵ کەرکوک بکەن... ئەگەر رژێمی بەعس وەکو سیستمێکی دیکتاتۆر و دڕندە و یەک دەست و بەوێنەی دەسەڵاتیکی قوتبی و بێ رکەبەر، سیاسەتی" بە عەرەبکردن، راگواستن و بەبەعسی کردن" ی لە کەرکوکدا پەیرەو دەکرد و ئەم سیاسەتە بەشێک بوو لە ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەڵکی کوردستان و کەرکوکدا، ئەوا دەسەڵاتی سیاسی دوای بەعس نەک جیاواز کە سیاسەتی بەعس نەبوو، بەڵکو درێژەپێدەری ئەو سیاسەت و جیاکارییە بوون، بەڵام توانایی ئەم حزب و هێزە سیاسیانە لە ئاستی توانای بەعسدا نەبووە و هاوکاتیش هیچ کام لەو حزب و لایەنە سیاسیانە تاکە دەسەڵات نەبوون و

بۆ لاپەڕە 13

# چاوی دڵ!! هۆنراوەی بەندی عەلی



چونکە تەنها
هەر بەچاوی دڵ دەبینین
گوێی هزرمان دادەخەین و
زمانیشمان
.. شەرم شکۆی شکاندووە
بۆ گفتوگۆ
ئیدی .. وەها
ئەی کەناری دڵنیایی و
خەونی مەحاڵ
ناگەین .. بەتۆ

ئیدی ئاوها .. لێرە مێژوو
، چیرۆکێکی ئەو دارەیە
.. هەڵوەرینی کردۆتە خوو
لەبارچوونی کۆرپەلەی (بەر)
لەڕەحمیدا
. حەسرەتێکی دووبارەیە
! ئەمڕۆ ، بەتامی ڕابردوو
.....................................
چاوەکان بوون
.. بەدوو هەڵماتی بەردینە
کونە ئەشکەوتی گوێیەکان
. تەنراون بەتۆڕی چڕی
جەڵجاڵۆکەی ڕیاکاری
هاتوچۆی بۆنی گوڵ و نان
. یاساغکراون لەهەردوو
.. کوچە تەسکەکانی کەپوو
بەخڕکە بەردی ڕماویش

لەکێوەکانی زەبرەوە
.، کوێربۆتەوە کارێزی دەم
لەو ڕۆژەوەی بەگزادەکان ،
لەژێر کێڵگەکانی گەنما
ئاوێکی ڕەشیان دۆزیەوەو
.. جوتیارە بێ کارەکانیان
کرد بەداهۆڵ
لەورۆژەوە ،
ئەڤین پەیوەستە بەڕێسای
..خواست و نمایشی بازاڕ
ئەڤین ، لەنەسلی پشکۆیەو
!داهۆڵەکان ، لەوشکەدار

**بەندی عەلی**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

